Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.2.3

# توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان و کاریگەری لەسەر تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان

## (توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ بەشێک لە راگیراوانی نێو دالّدەدانی ئافرەتان – شاری هەولێر)

**هۆشمەند رفیق ابراهیم**/بەشی کارگێری بازارگەری، کۆلێژی بەرێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر،هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**هێردن ابراهیم احمد** / بەشی دەروونزانی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر،هەرێمی کوردستان ـ عێراق

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Hoshmand Rafiq Ibrahim
hoshmand.ibrahim@su.edu.krd

RECEIVED :29 /08/2024
ACCEPTED :16/10/ 2024
PUBLISHED :15/04/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**
توندوتیژی ئابووری، دلّدەدانی ئافرەتان، تێکچوونی شیرازەی خانەوادە.

**پوختە**

ئەو توێژینەوەیە هەولّدەدات لێکۆڵینەوە لە کاریگەری توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان لەسەر تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان بکات، کە توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ بۆچوونی بژاردەیەک لە ئافرەتان لە نێو دالّدەدانی ئافرەتان– شاری هەولێر، بەو پێیەی توندوتیژی ئابووری وەک گۆراوێکی سەربەخۆ تیایدا رەهەندەکانی (کاروپیشە، مووچە و سەرچاوەی داهات، موڵک و ماڵ و میرات) نوێنەرایەتی دەکەن، هەروەها شیرازەی خانەوادەکان وەک گۆراوێکی پاشکۆ کە رەهەندەکانی (توندوتیژی خێزانی، جیابوونەوە (الطلاق)، نەبوونی هاوسەر) نوێنەرایەتی دەکەن.

ئامانجی سەرەکی لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە کە تاچەند توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان کاریگەری دەکاتە سەر تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان و ناکۆکییە خێزانییەکان و رەنگدانەوەی لەسەر شیرازەی کۆمەڵگە بە گشتی .

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەران پشتیان بە رێبازی وەسفی و شیکارییەکان و برەکی بەستووە، لە رێبازی وەسفییدا بژاردەیەک لە ئافرەتان لە نێو دالّدەدانی ئافرەتان– شاری هەولێر باس دەکرێن و دەستنیشان دەکرێن، هەرچەندە ژمارەی ئەو ئافرەتانە لە نێو دالّدەدانی ئافرەتان (47) ئافرەتەو فۆرمێکی راپرسی بەسەریاندا دابەشکراو پشتیان پێ بەسترا وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

توێژینەوەکە بە کۆمەڵێ دەرەنجام کۆتایی هات کە دیارترینیان ئەوەیە پەیوەندی تیۆری لە نێوان گۆراوی توندوتیژی ئابووری وەک گۆراوی سەربەخۆو تێکچونی شیرازەی خانەوادەکان وەک گۆراوی پاشکۆ، پەیوەندیەکی راستەوانەیە، چونکە چەندە رێژەی توندوتیژی ئابووری زیاد بێت، راستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەرزبونەوەی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان لە کۆمەڵگا دەکات، لە کۆتاییدا لێکۆڵینەوەکە پێشنیار دەکات بە دامەزراندنی دامەزراوەی تایبەت بە راهێنان و فێرکردنی مامەڵەی ئابووورریانەی شیاو بۆ خانەوادە تازەکان لە بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی دژ بە ئافرەتان وەک مەرجێک بۆ مارە برین.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

لە جیهانی پێشکەوتنە خێراکاندا، هێشتا گەواهی ئەوە دەدەین کە حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی ژنان بەرەو هەڵکشانە، بەتایبەتی توندوتیژی ئابووری، کە بە یەکێک لە مەترسیدارترین جۆرەکانی توندوتیژی دادەنرێت بەهۆی زەوتکردنی مافە ئابوورییە سەرەتاییەکانیان لە ئافرەتان. توندوتیژی ئابوری بریتییە لە رێگریکردن لە کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە داراییەکانی ئافرەتان، یان کارکردن، یان بەکارهێنانی دۆخی دارایی خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنی بڕیارەکانیان و ژیانی خۆیان بە گشتی.

ئەم کردەوانە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر خانەوادە بەگشتی هەیە، چونکە توندوتیژی ئابووری دەتوانێت ببێتە هۆی زیادبوونی گرژی نێوان هاوسەرەکان و نەبوونی متمانە و قووڵبوونەوەی بۆشاییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەناو خانەوادەکاندا، کە لە کۆتاییدا ڕەنگە بەشداربێت لە هەڵوەشاندنەوەی خانەوادەکەدا. لەبەرئەوەی ئەو جۆرە توندوتیژییە بە یەک لە شێوازەکانی توندوتیژی خانەوادەیی دادەنرێت کە لەسەر ئافرەتان بە کرداری پەیڕەو دەکرێت لە لایەن پیاوانەوە بە ئامانجی دەستەمۆکردنیان. ئەم شێوازە توندوتیژییە لە ڕووی ئابوورییەوە دەبێتە هۆی لێکترازانی شیرازەی خانەوادە و کاریگەری زەوتکردنی مافەکانی ئافرەتان، بێگومان سەربەخۆنەبوونی ئافرەت لە بواری ئابووریدا، خۆی سەرەکیترین بەهێزترین و کاریگەرترین هەنگاوی توندوتیژی نواندنە دژ بە ئافرەت، واتە سەربەخۆیی ئابووری بۆ ئافرەت خاڵی وەرچەرخانە لە دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی ئابووری. بۆیە هەڵوەشاندنەوەی خانەوادەکان لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی هاوسەرگیری لەبەر نەبوونی هاوئاهەنگی نێوان هاوسەرەکان و نەبوونی ئارامی و لێبوردەیی و پشتگوێخستنی هەڵەکانی یەکتری و گەیشتن بەو ئەنجامەی کە باشترین شت کۆتاییهێنانە بە پەیوەندی هاوسەرگیرییە، بەمەش ئەنجامەکەی دەبێتە پارچەپارچەبوونی خانەوادەو هەڵوەشانەوەو سەرهەڵدانی حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی خانەوادە.(عبدالمقصود، 2019، ل640) ئا لەو کلاورۆژنەیەوە دەکرێت لەم باسەدا گەنگەشەی توندوتیژی ئابووری دژ بە خانمان بکەین لەسەر ئەو بنەمایە ئەم توێژینەوەیەمان دابەشکردووە بۆ چوار تەوەرەی سەرەکی، کە لە تەوەرەی یەکەم باسدا لە چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکەو ڕێبازی توێژینەوەکە دەکرێت، تەوەرەی دووەم تەرخانکراوە بۆ لایەنی تیۆری توێژینەوەکە، هەروەها تەوەرەی سێیەمیش بۆ لایەنی پراکتیکی تەرخانکراوە، لە تەوەرەی چوارەمیشدا کە تەوەرەی کۆتاییە تیشک خراوەتەسەر ئەنجام و راسپارەکان.

## 1.چوارچێوەی گشتی و ڕێبازی توێژینەوە

### 1.1. گرنگی توێژینەوە

1. تیشکخستنە سەر دیاردەی توندوتیژی ئابووری وەک یەکێک لە گرنگترین دیاردە مرۆییەکانی سەردەم.
2. هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی ئەو ناڕوونییەی لە دیاردەی توندوتیژی ئابووری هەیە، بەو پێیەی پەیوەستە بە دیاریکەرە ئابوورییەکانەوە.
3. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی توندوتیژی ئابووری بەرامبەر بە ئافرەتان وەک نەخشێکی نوێ.
4. دەستنیشانکردنی کاریگەری توندوتیژی ئابوری دژ بە ئافرەتان لەسەر هەڵاوەشاندنەوەی خانەوادەکان.
5. توێژەران ئاستێکی بنەڕەتی وەسفکەری دیاردەی توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان و کاریگەرییەکانی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی خانەوادە دەخەنەڕوو.

### 2.1.کێشەی توێژینەوە

بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەیەکی زانستی و واقیعیانە بزانین لەسەر ئەو ڕەهەندانەی کە لە کێشەی توێژینەوەکەدا هاتووە، پرسیارەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. هۆکارەکانی توندوتیژی ئابووری بەرامبەر بە ئافرەتان چین؟
2. ئایا واقیعی توندوتیژی ئابووری چییە لە نێو داڵدەدانی ئافرەتانی هەولێر، ئایا جیاوازی هەیە لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی توندوتیژی؟

3. ئەو جۆرە توندوتیژییە ئابوورییانە چین کە ژنان بەرکەوتەی دەبن؟
4. ئایا توندوتیژی ئابووری هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی خانەوادەکانە؟

## 3.1.ئامانجی توێژینەوە

ئەو توندوتیژییە ئابورییەی کە بەرامبەر بە ئافرەتان دەکرێت، دیاردەیەکە پەیوەستە بە خانەوادەوە، خانەی وێستگەی یەکەمی کۆمەڵگەیە، بۆیە ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە نەرێنییە و کاریگەری مەترسیداری توندوتیژی ئابووری لەسەر ئافرەتان پەدەهاوێژێ بۆ هەڵاوەشاندنەوەی خانەوادەکان. لەبەر ڕۆشنایی ئەم بێدەنگییەی کۆمەڵگا کە مەترسیەکی گەورەی هەیە، پێویستە تیشک بخرێتە سەر واقیعی ئافرەتانی ئازاردراو لە ڕووی ئابوورییەوە دەستنیشان بکرێت.

ئەم توێژینەوەیەی هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانج:

1. دەستنیشانکردنی شێوەکانی توندوتیژی خانەوادەیی بەرامبەر ئافرەتان (توندوتیژی ئابووری،توندوتیژی کۆمەڵایەتی،....هتد).
2. ئاشکراکردنی هۆکارو پاڵنەرەکانی توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان.
3. دەستنیشانکردنی گرنگترین کاریگەرییەکان کە لە ئەنجامی بەردەوامی پراکتیزەکردنی توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان دێتە ئاراوە.
4. دەستنیشانکردنی پێشنیار و ڕێگەچارەی گریمانەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان.
5. ڕوونکردنەوەی چەمک و هۆکارەکان و کاریگەرییەکان و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی هەڵوەشاندنەوەی خانەوادەکان یان تێچکوونی شیرازەی خانەوادەکان.
6. پەیوەندی نێوان توندوتیژی ئابووری بەرامبەر بە ژنان و هەڵوەشاندنەوەی خانەوادەکان، هەروەها دیاریکردنی کاریگەرییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی ئەم جۆرە توندوتیژییە لەسەر سەقامگیری و یەکگرتوویی خانەوادەکان.

## 4.1.گریمانەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە گریمانە دەکات بە:

**گریمانەی یەکەم:**

توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان لەسەر ئافرەتانی ڕاگیراوی داڵدەدانی ئافرەتانی شاری هەولێر، لە ڕووی ئامارییەوە کاریگەریەکی ئەرێنی بەرچاو نییە لەسەر تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان لە ئاستی ئاماری (0.05) هەیە.

**گریمانەی دووەم:**

توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان لەسەر ئافرەتانی ڕاگیراوی داڵدەدانی ئافرەتانی هەولێر.

لە ڕووی ئامارییەوە کاریگەریەکی ئەرێنی بەرچاوی هەیە لەسەر تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان لە ئاستی ئاماری (0.05) هەیە.

أ. لە ڕووی ئامارییەوە پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان توندوتیژی ئابووری و تێچکوونی شیرازەی خانەوادەکان هەیە.
ب. لە ڕووی ئامارییەوە پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان ڕەهەندەکانی توندوتیژی ئابووری و شیرازەی خانەوادەکان هەیە.
ت. کاریگەری هەر ڕەهەندێکی توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان لەسەر تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان هەیە.

### 5.1.نمونەی توێژینەوە




### 7.1.سنووری گشتی توێژینەوە:

أ.سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران

### 6.1.ڕێبازی توێژینەوە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا توێژەران پشتیان بە ڕێبازی شیکاری وەسفیی و برەکی بەستووە، بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە لایەنە جۆراوجۆرەکانیدا کە ئافرەتان ئەزموونی دەکەن، کە تێیدا دیاردەکە وەسف دەکرێت، تایبەتمەندییەکانی دیاری دەکرێت، سروشت و گۆڕاوەکانی وەسف دەکرێت، هەروەها بە قووڵایی دیاردەکە شیکاری دەکرێت و لە نێوانیاندا بەستراوەتەوە بۆ ئەوەی دەرەنجام دەربهێنرێت.

- **کۆمەڵگەی توێژینەوە**: شاری هەولێر.
- **بژاردەی توێژینەوە**: ئافرەتانی داڵدەدراو.
- **سنووری کات**: سنووری کاتی توێژینەوەکە سنووردراوە لە نێوان (2023/7/1) تا(2024/3/21).

### 7.1 لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر

1. أبو راشد،(2022) توێژینەوەکەی بە ناونیشانی(العنف الاقتصادي سلب حقوق المرأة المالية في المملكة العربية السعودية- أسبابه وعلاجه)، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئاشکراکردنی گرنگترین هۆکارەکانی توندوتیژی ئابوورییە دژی ژنان و پەیوەندییەکەی بە سیستەمی ئابوورییەوە کە کۆمەڵگا بەڕێوەدەبات، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی دەرکەوتەکانی توندوتیژی ئابووری دژ بە ژنان ڕێگریکردنە لە کارکردنیان و دەستبەرداگرتنی موچەکەیان و ڕێگریکردنە لە میراتەکانیان.

2. سماقەیی،(2022)، توێژینەوەکەی بە ناونیشانی،(فلسفة العلاقة بين الادخار و العنف الاقتصادي المستدام- أقليم كوردستان العراق انموذجا (دراسة نظرية فلسفية))، ئامانج لەو توێژینەویە شیکردنەوەی گرنگترین نیشانە ئابوورییەکانی توندوتیژی ئابووری بەردەوام و ڕوونکردنەوەی گرنگترین جۆرەکانی توندوتیژی ئابوورییە، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە پاشەکەوتکردنی زۆرەملێ جۆرێکە لە توندوتیژی ئابووری، و توندوتیژی ئابووری لە هەرێمی کوردستان - عێراق نەک هەر زیادی کردووە، بەڵکو بەردەوامە وەک دەرئەنجامێکی حەتمی پاشەکەوتکردن و لێبڕین، دواکەوتن لە دابەشکردنی مووچە، و وەستاندنی پلەبەرزکردنەوە و پێشکەوتنی پیشەیی کاریگەرییەکی ڕوونیان لەسەر بەردەوامیی توندوتیژییە ئابوورییەکان هەیە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
3. العجمي،(2021)، توێژینەوەکەی بە ناونیشانی(العنف الاقتصادي ضد المرأة أسبابه وعلاجه في الشريعة الإسلامية)، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی زانینی توندوتیژی ئابووری و شێوەکانیەتی دژ بە ئافرەتان و دەرخستنی چۆنیەتی چارەسەرکردنی قورئانی پیرۆز بۆ دیاردەی توندوتیژی ئابووری. توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی توندوتیژی ئابووری لە ڕێگەی چەندین ڕەفتارەوە دژی ژنان ئەنجام دەدرێت، دیارترینیان بریتین لە کۆنترۆڵکردن و بێبەشکردن، زۆرەملێکردن و خۆپاراستن، وەک کۆنترۆڵکردنی بژێوی خانەوادەیی و بانکەکانی خۆشگوزەرانی، ڕەتکردنەوەی موڵک و سامانی کەسی ژنان، یان ڕێگریکردن لە کارکردن...هتد.
4. حميد، و ساجت،(2019)، توێژینەوەکەیان بە ناونیشانی (التفكك الأسري- دراسة تحليلية)،ئامانجی توێژینەوەکە تیشک خستنەسەر کێشە سیاسییەکان بۆ ڕووکەش و کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و خزمەتگوزارییەکانە، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە دیاردەی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان، لە هەموو کۆمەڵگایە بەربڵاوە، بەڵام ئەو کۆمەڵگایەی بە بارودۆخێکی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی تێپەڕدەبێت، قەبارەی ئەم دیاردەیە زیاترە.
5. محمد، (2019)، توێژینەوەکەی بە ناونیشانی(العنف الاسري والمرأة العاملة دراسة ميدانية في مدينة الديوانية)، ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی توندوتیژی دژی ژنانی کرێکار لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە هاوچەرخەکان و دەرکەوتە باوەکانی توندوتیژی دژی ژنانی کرێکار لەلایەن خێزانەوە، هەروەها دەستنیشانکردنی فۆرمەکانی توندوتیژی خێزانی دژی ژنانی کرێکار.توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە فاکتەری ئابووری زۆرترین ڕێژەی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی ژنان داگیر دەکات، چونکە دەرکەوتووە کە فاکتەری ئابووری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ئەنجامدانی توندوتیژی دژی ژنان لەناو خێزانەکەداو بوونی دەستدرێژی ئابووری بەرامبەر بە ژنان، وەک دەرکەوتووە کە ئازاردانی ئابووری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ئەنجامدانی توندوتیژی دژی ژنان لەناو خێزانەکەدا.
6. كمال، (2017)، توێژینەوەکەی بە ناونیشانی (العنف الأسري وأثره على الأسرة والمجتمع في الجزائر- دراسة ميدانية على مستوى مصلحة الطب الشرعي بمستشفى مسلم الطيب بمعسكر)، ئامانج لەو توێژینەویە دەستنیشانکردنی ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی دیاردەی توندوتیژی هاوسەرگیری و زانینی تایبەتمەندی ئەو خانەوادانەی کە ئەندامەکانیان بە ردەوام دەبن لە توندوتیژی هاوسەرگیری، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی هۆکاری ئابووری وەک دەرکردن لە کار یان هەژاری و بێکاری، ئەوەیە کە دەبێتە هۆی ڕوودانی توندوتیژی دۆخێکی بێکاری و قەیرانێک لە خانەوادەکە دروست دەکات، ئەمەش وا لە ژنەکە دەکات داوای لێبکات بەدوای کار بگەڕێت، یان هەندێک لە ژنە وەڵامدەرەوەکان پاڵدەنێت بۆ ئەوەی بچنە دەرەوە بۆ کار (کرێکاری پاککردنەوە)، بەمشێوەیە ئەم کارە پاڵیان پێدەنێت بۆ چوونە ناو ململانێ لەگەڵ هاوسەرەکەی لەسەر کرێ و دابەشکردنی لەگەڵیدا و هەندێکجاریش بە زۆر وەریدەگرێت، بەتایبەتی ئەگەر مێردەکە بێکار بێت، چونکە ئەگەر ژنەکە کرێکار بێت ئەوا دەسەڵاتی خۆی لەناو ماڵدا دەسەپێنێت، دەسەڵاتی مێردەکەش کەمدەبێتەوە.

7. القاسم،(2016)، توێژینەوەکەی بە ناونیشانی (حقيقة التفكك الأسري وآثاره وسبل علاجه- بحث تكميلي لدرجة الماجستير في الثقافة الإسلامية)، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی تیشک خستنە سەر هۆکارەکان و دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکان و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی هەڵوەشاندنەوەی خانەوادەیە. توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی هەڵوەشاندنەوەی خانەوادە چەندین دەرکەوتی هەیە، گرنگترینیان بریتین لە: لەدەستدانی کارلێک لەناو خێزاندا، وەک ئەوەی ژن قەدری مێردەکەی نەزانێت، یان مێردێک کە سووکایەتی بە ژنەکەی دەکات؛ ئەمەش لە هەڵسوکەوتەکانی بەرامبەر بەو ژنەو قسەکانی بۆی دەردەکەوێت و توندوتیژی لەناو خێزانەکەدا ڕوودەدات و جیابوونەوەش یەکێکە لە دەرکەوتە هەرە دیارەکان.

## 2.چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### 1.2.چەمکی توندوتیژی ئابووری

پێش ئەوەی چەمکی توندوتیژی ئابووری پێناسە بکەین، سەرەتا تیشک دەخەینە سەر چەمکی توندوتیژی (Violence)، کە بە واتای ئەو کردەیە دێت یا هەموو هەڵسوکەوتێک دێت کە توندوتیژی بنوێنێت، کە مانای توندوتیژی و چاوسوورکردنەوەو سەرزنشتکردن و بریندارکردن و ئازاردان لە خۆبگرێت(سماقەیی، 2022، ل 34).

لەلایەکی دیکەوە جاڕنامەی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ساڵی 1993دا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەمشێوەیە پێناسە دەکات: هەر کردارێکی توندوتیژی کە لەسەر بنەمای ڕەگەز ئەنجام بدرێت و ئازاری جەستەیی و دەروونی و سێکسی لێبکەوێتەوە، یان لەوانە بێت پێی بگەیەنێت وەک هەڕەشەلێکردن و ناچارکردنی بە ئەنجامدانی هەندێ کار، یا زەوتکردنی ئازادییەکانی لە بواری گشتی، یان تایبەتیدا(ڕەفیق، 2020، ل 91).

هەرچی دەستەواژەی توندوتیژی خێزانییە، بە واتای ئەوە دێت کە ئەندامێکی خانەوادە لە دژی ئەندامێکی دیکەی خانەوادە کە زیان یان ئازاری پێبگەیەنێت، جا ئاکاری یان جەستەیی بێت، توندوتیژی خێزانی بە مانا فراوانەکەی گوزارشتە بە هەموو جۆرە گۆشەگیرییەک، جا چ دەروونی بێت، چ جەستەیی بێت یان سێکسی، کە لە کەسێکەوە بەرامبەر کەسێکی دیکە ئەنجام دەدرێت لە ناو خێزانەکەدا(محمد، 2019،ل115)

ئەگەر باس لە چەمکی توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان بکەین، دەتوانین بڵێن بریتییە لە کەمکردنەوەی توانای ئابووری ژنان و کچان و دوورخستنەوەیان لە بڕیارە ئابوورییەکانی خێزان، لە ڕێگای ناچارکردنیان بەکارکردن و دوورخستنەوەیان لەکارکردن و، دەستگرتن بەسەر هەموو یان بەشێکی مووچەو کرێ و دەسهات و دەرامەتی ئابووری ژنان و کچان و، بێبەشکردنیان لە مارەیی و میرات و موڵکداری و، ناچارکردنی بە قەرزکردن و بەکارهێنانی کارتی دارایی و بەکارهێنانی ناویان لە مۆڵەتی کاری بازرگانی و دارایی لە بەرژەوەندی کەسانی دیکە بەبێ بەرانبەر(ڕەفیق، 2020، ل92-93).

لەم جۆرە توندوتیژییەدا ئەو ژنانەی کە لە دەرەوە کار دەکەن هەرچەندە شان بە شانی پیاوان کاردەکەن بەڵام:

١. حەقدەستەکانیان کەمە.

٢. زۆرجار لە لایەن بەڕێوەبەر یان هاوکاران چ لە لایەنی جەستەیی یان دەروونی توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت و دەچەوسێندرێنەوە.

٣. لە ماڵەوە لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە یان کەسوکاریان بە توندترین شێوە دەچەوسێندرێنەوە.

### 2.2. جۆرەکانی توندوتیژی ئابووری

دەتوانین جۆرەکانی توندوتیژی بە گشتی دژ بە ئافرەتان لە چەند خاڵێک کۆبکەینەوە (ڕەفیق، 2020، ل216):

1. توندوتیژی جەستەیی.
2. توندوتیژی زارەکی.
3. توندوتیژی دەروونی.
4. توندوتیژی دەستدرێژی سێکسی( یا گێچەڵپێکردن).
5. توندوتیژی ئابووری.

بەڵام ئەگەر باس لە جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی بکەین، ئەوا دەتوانین بە چوار بەشی جیاواز بیخەینەڕوو بەمشێوەیەی خوارەوە: (موفتی، 2020، ل69)

1. توندوتیژی پیاو بەرامبەر ژن.
2. توندوتیژی ژن بە رامبەر پیاو.
3. توندوتیژی ژن و پیاو بەرامبەر منداڵەکانیان.
4. توندوتیژی منداڵان بەرامبەر دایک و باوک.

توێژەران پێیان وایە توندوتیژیەکی دیکەش هەیە ئەویش خۆی لە توندوتیژی منداڵەکان بەرامبەر یەکتری لە نێو خانەوادە یا خانەوادە خۆی دەبینێتەوە، بە تایبەت لە کۆمەڵگەی نەریتخوازی کوردیدا، توندوتیژی برا بەرامبەر بە خوشک.

لێرەدا بەگشتی دەتوانین جۆرەکانی توندوتیژی ئابووری دژ ئافرەتان – ژنان لەم چەند خاڵەی خوارەوە کۆبکەینەوە، کە کاریگەریەکی ئێجگار زۆری هەیە لە لێکترازانی شکۆی خانەوادەکان، (رەفیق،2020، ل93-94)، بەمشێوەیە خوارەوە:

١.بێبەشکردنی ژن لە کارکردن و لە بەدەستهێنانی دەستهات.
٢. ناچارکرنی بە کارێک کە خۆی ئارەزوی ناکات.
٣. ڕێگرتن لە بەردەوام بوون لە کارکردن.
٤.پێنەدانی کرێ و مووچەی تەواو.
٥.دابینەکردنی خەرجی ژیانی پێویست و پڕنەکردنەوەی پێداویستیەکانی ژن.
٦.دەستگرتن بەسەر مووچەو کرییەکەی یان نەدانی ئازادی تەواو لەسەر خەرجکردنی دەسهاتەکەی.
٧.دەستگرتن بەسەر موڵک و ماڵی ژن.
٨. ناچارکردن بە وازهێنان لە میرات.
٩. دەستبەسەراگرتنی مارەیی ژن بە بێڕەزامەندی خۆی.
١٠. گێچەڵ کردن بە ئافرەتەوە لە ڕێگای ناچارکردنی بە کارێک لە لایەن بەرێوەبەرەکەی.
١١. بە شوودانی کچ بە زۆرەملێ لە تەمەنێکی بچووک بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر مارەییەکەی.
١٢. دەستگرتن بەسەر کارتی دارایی و مامەڵەپێکردنی بە بێڕەزامەندی ژن.
١٣. دەستگرتن بەسەر (موڵک)ی هەتیوو(دایک وباوک مردوو) لە لایەن کەسە نزیکەکانیان بە بیانووی تەمەن بچووکیان.
١٤. خراپ بەکارهێنانی بریکارنامە (الوکالات) تایبەت بە موڵک و ماڵ و چۆنیەتی کار پێکردنیان.
١٥.بەکارهێنانی ناوی ژن بۆ دەر هێنانی مۆڵەتی کاری بازرگانی پێنەدانی پشکی ژن لەم کارە.
١٦.ناچارکردنی ژن بۆ قەرزکردن لە بانک و دامەزراوە داراییەکان.
١٧. ناچارکردنی بە هەڵسان بە کڕین بە شێوەی قیست لە بەرژەوەندی یەکێک لە ئەندامانی خانەوادە.
١٨. ژنان سەرباری ئەوەی لە ماڵ بە درێژایی کاتەکانیان کار دەکەن کەچی لە بەرامبەر هیچ وەرناگرن و لە دەرەوە کار دەکەن جا پیشەی فەرمانبەری یا مامۆستا یا لە کۆمپانیایەک بن، هەندێ جار لە گوندەکان جگە لە کاری ماڵ کاری دەرەوەش دەکەن لە بواری مەڕو ماڵات و ئاژەڵداری و تەنانەت کشتوکاڵکردن.....هتد.

### 3.2.تێچووی ئابووری توندوتیژی دژ بە ئافرەتان

ئەگەر بە کورتی تیشک بخەینەسەر شوێنەوارە نەرێنییەکانی توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان دەبینین ئەو توندوتیژییە رەنگدانەوەی لەسەر لایەنەکانی: جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری هەیە، کە لایەنە ئابوورییەکەی خۆی لە ئاستەنگ لەبەردەم گەشەپێدانی ئابووری دروست دەکات، بەهۆی کەڵک وەرنەگرتن لە توناکانی ئافرەتان لە تێکەڵاوبوون لە نێو بازاڕی کاردا، هەروەها زیادبوونی تێچووی ئابووری بۆ چارەسەرکردنی ئەو خانمانەی توندوتیژیان بەرامبەر کراوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە شیرازەی ئابووری خانەوادە لە بنەوەی هەڵدەوەشێنێتەوە.

تێچووی ئابووری توندوتیژی دژ بە ئافرەتان سێ جۆر لە خۆ دەگرێت بەمشێوەیە:(سماقەیی، 2022، ل36-37)

1. **تێچووی راستەوخۆ**: بریتیە لە تێچووی خزمەتگوزاری تایبەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان و کچان کە لەلایەن حکومەت و کەسەکان دەکرێت، وەک دەستەبەرکردنی کاڵاوشوێنی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی رزگاربووانی دەستی

توندوتیژی و تێچوونی دان بە دادگا، تێچوونی خزمەتگووزاری سیستەمی تاوان (الجنائیة) و پۆلیس و داواکاری گشتی و دادگاکان و زیندان و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان و تێچووی خزمەتگووزاری تەندروستی، وەک ( چارەسەری سەرەتایی و چاودێریکردن و چارەسەری جەستەیی و دەروونی)، و تێچوونی نیشتەجێبوون، وەک (نیشتەجێکردن و دووبارە نیشتەجێکردن و دالدەدان و پەناگەکان)، و تێچوونی خزمەتگووزاری کۆمەلایەتی، وەک (چاودێریکردنی مندالان و تێچوونی راوێژکاری وەک: ( راوێژکردن لە کاتی هێلی تەلەفۆنی راستەوخۆو تێچوونی یاسای شارستانی، وەک: دوورخستنەوەی پیاوە توندوتیژەکان لە ماڵەکانیان و پایەندکردنیان بە شێوازی جیاواز و تێچوونی نێوانکردنی یاسای خێزانی، وەک: جیابوونەوە( الطلاق).

2.**تێچووی ناراستەوخۆ**: بریتیە لە تێچوونی لە دەستدانی کاروبەرهەمداری، کە بریتیە لە دەستدانی کارو مۆلەت وەرگرتنی زۆر لە کارو کەمکردنەوەی توانای بەرهەمداری کەسی توندوتیژی بەرامبەر کراوە، کە کاریگەری هەیە لەسەر کۆی بەرهەمی نەتەوەیی و پەرەپێدانی ئابووری بە شێوەیەکی گشتی و خاوبوونەوەی گەشەی ئابووری ولات.

3.**تێچووی ئازارە دەروونییەکان**: بریتییە لە تێچوونی ئازارو مەینەتی کە بەسەر کەسەکاندا دێت، لە ئەنجامی توندوتیژی، وەک: ئازاری دەروونی ژنان و کچان و ئازاری دەروونی مندالی ئەو خێزانانەی کە توندوتیژی تێدایە، زۆر ئەستەمە ئەم تێچوونانە بخەمڵێنرێت، بەلام کاریگەری زۆری لەسەر ئاستی تێگەیشتن و بەرهەمداریان هەیە.

هاوکات دەشێ هۆکارەکانی تێکوونی شیرازەی خانەوادەکانیش کە شوێنەواری خراپی هەیەو تێچووی ئابووری لەسەر کۆمەلگەو حکومەت زیاد دەکات بۆ هۆکارە (کۆمەلایەتی و دەروونی وبایەلۆجی و تەکەنەلۆژیای سەردەم (تۆرە کۆمەلایەتییەکان) و هۆکاری ئابوورییەکان بگەرێنینەوە، بە تایبەت هۆکاری ئابووری کە لە بنەرەتدا زۆریی مارەیی و داواکاری دارایی زۆری ئافرەتان لە پیاوان سەرهەلدەدات، چونکە مێردەکەی توانای جێبەجێکردنی ئەو هەموو داواکاریەی نییە، دەبێتە هۆی ئەوەی بکەوێتە ژێر قەرزەوە، هەروەها هەژاری و نەبوونی، کێشەی نیشتەجێبوون و ئارامنەگرتن لەسەر دۆخی هەژاری و کارکردنی مێردەکە لەلایەکی دیکەوە.

## 4.2. چەمکە پەیوەندیدارەکان

-**خانەوادە** :بە شێوەیەکی سەرەکی خانەوادە بە مانای باوک و دایک(دایکەکان لە حاڵەتی فرەژنی بە پێی یاساکانی ئیسلام) و منداڵەکان و نەوەکانیان دێ، ئەمەش لە رێگەی رەچەڵەک یاخود هاوخوێنی بەستراوەتەوە بە باوکەوە، بۆیەشە خزمایەتی لە رێگای خوێن، یا هاوخوێنی بنەمایە بۆ بەستنەوەی رەچەڵەکی هاوبەش و دروستبوونی گروپە کۆمەلایەتییەکانی گەورەتر لە خانەوادە، ئاماژەیە بۆ خوێنی باوک. واتە خانەوادە بۆ(3) پشت درێژ دەبێتەوە(رفیق، هۆشمەند، 2021،ل180).

-**دڵدەدانی ئافرەتان** :پەناگەی ژنان- شەلتەر، جۆرێکە لە دالدەدان، شوێنی نیشتەجێبوونی کاتی و خزمەتگوزاری پشتیوانی بۆ ئەو ژنانە دابین دەکات کە لە دەستدرێژی هەڵدێن. بە شێوەیەکی گشتی پەناگەی ژنان لەلایەن رێکخراوە قازانج نەویستەکان، دەزگا حکومییەکان یان گروپە کۆمەلایەتییەکانەوە بەرێوەدەبرێن. پەناگەی ژنان کەشێکی سەلامەت و پارێزراو بۆ ئەو ژنانە دەرەخسێنن کە تووشی دەستدرێژی یان توندوتیژی دەبن. ئەوان پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەک خواردن و جل و بەرگ و شوێنی خەوتن پێشکەش دەکەن، هەروەها خزمەتگوزاری راوێژکاری و پشتیوانی پێشکەش دەکەن بۆ یارمەتیدانی ژنان بۆ چارەسەرکردنی زەبر و زەنگەکانی بەرامبەریان و کارکردن بەرەو چاکبوونەوە (سیامەند، 2023).

-**تێکچوونی شیرازەی خانەوادە:** بریتیە لە دارمانی یەکەیەکی کۆمەلایەتی، دارمانی پێکهاتەکەی، تێکچوونی ئەرکەکانی و تێکچوونی سیستەمەکەی، جا ئەم یەکەیە مرۆڤێک بێت، گرووپێک بێت، دامەزراوەیەک بێت، یان تەواوی نەتەوەیەک بێت، ئەمەش پێچەوانەی پێکەوەگرێدانی یەکترە و یەکگرتوویی(عبد المقصود،2019، ل638).

### 5.2.پەیوەندی تیۆری لە نێوان هەردوو گۆڕاوەکە

بوونی خێزانێکی تەندروست، یەکەمین و کاریگەرترین هەنگاوی ئارامی ژیان و پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گەرمترین باوەشی کاتە سەخت و دژوارەکانە، بە پێچەوانەوە ئەو کاتەی شیرازەی خانەوادە تێکدەچێت، یان ساردوسڕی شوێنی گەرم و گوڕی دەگرێتەوە، ئەوا مرۆڤ یەکەمین و گرینکترین پەناگەی ژیانی لە دەست دەدات(گوانی، 2020،ل183) ئیتر پاش ئەو پەناگەو شکۆیەی خێزان، زۆر جار ئافرەتان پەنا بۆ شوێنێکی دیکەی ئارام و ئاسایش دەبن ئەویش شوێنی دالدەدانی ئافرەتانە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابینکراوە. پەیوەندی تیۆری لە نێوان گۆڕاوی توندوتیژی ئابووری وەک گۆڕاوی سەربەخۆو تێکچونی شیرازەی خانەوادەکان وەک گۆڕاوی پاشکۆ، پەیوەندیەکی راستەوانەیە، چونکە چەندە ڕێژەی توندوتیژی ئابووری زیاد بێت، راستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان لە کۆمەڵگا دەکات، لەبەرئەوەی توندوتیژی لە نێوان ژن و پیاو یا خوشک و برا، یاخود باوک و منداڵەکانی ڕەنگدانەوەی خراپی هەیە لەسەر خانەوادەکان، ئەمەش دوارۆژی خانەوادە بەرەو فەوتان و لێکترازان دەبات، بە جۆرێک هەندێ جار بە جیابوونەوە- تەلاق کۆتایی دێت.( موفتی، 2020، ل74)

### 3.چوارچێوەی پراکتیکی باسکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوەو بژاردەی وەرگیراو

سەبارەت بە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە کە پێک دێت لە دالدەدانی ئافرەتانی شاری هەولێر. بژاردەی لیکۆڵینەوەکە لە ئافرەتانی راگیراوی نێو دالدەدانی ئافرەتانی شاری هەولێر وەرگیراوە، بۆ مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی لێکۆلێنەوەکە (50) دانە فۆرمی ڕاپرسی لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دابەش کرا و (47) دانە گەڕاپەوە کە هەمووپان بێ گرفت بوو کە ڕێژەی وەڵامدانەوە (94%) بوو ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر پەسندە بۆ شیکردنەوەی لیکۆڵینەوەی زانستی مرۆییەکان. فۆرمی ڕاپرسییەکەش لەسەر بنەمای لیکرد دروستکرا.

### 1.3.باسکردنی تایبەتمەندییەکانی بژاردەی توێژینەوە:

لەو برگەیەگەیدا وەسفی تایبەتمەندییە کەسییەکانی وەڵامدەرەوەکان ڕووندەکەینەوە لە تەمەن،بڕوانامە، شوێنی نیشتەجێبوون، باری کومەڵایەتی، ماوەی هاوسەرگیری، بڕی مارەیی، هۆکاری پەنابردن بۆ دڵدەدانی ئافرەتان، جۆری تووندوتیژی، بڕی مووچە،..هتد بەمشێوەیەی خوارەوە:

#### 1 . دابەشکردنی تاکی بژاردەکان لەسەر بنەمای تەمەن:

لە خشتەی ژمارە(1) دا، دابەشکردنی تاکی بژاردەکان لەسەر بنەمای تەمەن بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە بەرزترین ژمارە ئەو ئافرەتانەن لە دالدەدان ماونەتەوە تەمەنیان لە نێوان (5-20) ساڵدایە کە ڕێژەی (34%) پێکدەهێنێت، هەروەها کەمترین ژمارەش ئەو ئافرەتانەن تەمەنیان لە نێوان(21-25) ساڵی دایە ڕێژەی (17%) پێکدەهێنێن.

خشتەی ژمارە (1)دابەش بوونی تاکەکان بە گوێرەی تەمەن

| ژمارە | گۆڕاو | چەندبارەیی | ڕێژە(%) |
|---|---|---|---|
| 1 | 5-20 ساڵ | 16 | 34.0% |
| 2 | 21-25 ساڵ | 8 | 17.0% |
| 3 | 26-30 ساڵ | 15 | 31.9% |
| 4 | 31 ساڵ بەسەرەوە | 8 | 17.0% |
| | سەرجەم | 47 | 100 |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە داتاکانی ڕاپرسی

#### 2 . دابەشکردنی تاکی بژاردەکان بە گوێرەی شوێنی نیشتەجێبوون

لە خشتەی ژمارە(2) دا، دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی شوێنی نیشتەجێبوون ڕوون دەکەینەوە کە بەرزترین ڕێژەی ئەو ئافرەتانەن شوێنی نیشتەجێبوونیان لە دەرەوەی شارە کە (22) ئافرەتن بە ڕێژەی (46.8٪)یە، بەڵام ئەوانەی

لە داڵدەدان ماونەتەوە کە نیشتەجێی گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێرە کەمترین ڕێژەیە کە (4) ئافرەتە ڕێژەی (8.5%) پێکدەهێنێت، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت ئافرەتانی گوندەکان یان کێشەیان لە نێو خانەوادەکان نییە، یان بە خێرایی چارەسەر دەکرێت، یاخود ئازادییان کەمترەو ڕێگەریان لێدەکرێت پەنا بۆ دڵدەدانی ئافرەتان ببەن بە بەراورد بە ئافرەتانی ناو شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری شاری هەولێر.

**خشتەی ژمارە (2)دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی شوێنی نیشتەجێبوون**

| ژمارە | گۆڕاو | چەندبارەیی | ڕێژە(٪) |
|---|---|---|---|
| 1 | ناو شار | 21 | 44.7% |
| 2 | دەرەوەی شار | 22 | 46.8% |
| 3 | گوند | 4 | 8.5% |
| | سەرجەم | 47 | 100 |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە داتاکانی ڕاپرسی

**3. دابەشکردنی تاکی بژاردەکان بە گوێرەی بڕوانامە:** لە خشتەی ژمارە (3) دا، دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی بڕوانامە ڕوونکراوەتەوە کە بەرزترین ڕێژەی ئەو ئافرەتانە بڕوانامەی بنەڕەتیان هەیە (14) ئافرەتن بە ڕێژەی (29.8%)، هەرچی کەمترین ڕێژەیە ئەو ئافرەتانەن بڕوانامەی زانکۆیی بەکالۆریۆسیان هەیە کە (4) ئافرەتن بەڕێژەی (8.5%)یە، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگرانی بڕوانامەی بەرزتر وەک ماستەری تێدانییە، بە پێی ئەو خشتەیە ڕێژەی ئافرەتانی بڕوانامەی ئاست نزم، زۆرترین کێشەیان هەیەو ڕوو لە داڵدەدانی ئافرەتان دەکەن، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواریان لاوازە ناتوانن لە کاتی سەرهەڵدانی کێشەکانی پەنا بۆ ڕێگەی چارەی ئەقڵانی ببەن تا نەگاتە دۆخێکی لەم جۆرە پەنا بۆ شێڵتەرەکان ببەن و هانی بۆ کەسانی دیکە ببەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە خانەوادەییەکانیان.

**خشتەی ژمارە (3)دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی بڕوانامە**

| ژمارە | گۆڕاو | چەندبارەیی | ڕێژە(٪) |
|---|---|---|---|
| 1 | نەخوێندەوار | 12 | 25.5% |
| 2 | بنەڕەتی | 14 | 29.8% |
| 3 | ئامادەیی | 11 | 23.4% |
| 4 | پەیمانگە | 6 | 12.8% |
| 5 | بەکالۆریۆس | 4 | 8.5% |
| 6 | ماستەر | 0 | 0.0% |
| | سەرجەم | 47 | 100 |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە داتاکانی ڕاپرسی

**4. دابەشکردنی تاکی بژاردەکان بە گوێرەی باری کۆمەڵایەتی:** لە خشتەی ژمارە (4)دا، دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی باری کۆمەڵایەتی ڕوونکراوەتەوە کە ژمارەی ئەو ئافرەتانەی خێزاندارن و هاوسەریان هەیە بەرزترە بە بەراورد بە کچان و ئافرەتانی جیابووە کە (21) ئافرەت بە ڕێژی (44.7٪)یە، بەڵام کەمترین ڕێژەیە ئەو ئافرەتانەن کە جیابوونەتەوە لەگەڵ هاوسەرەکانیان، کە (7) ئافرەتن و ڕێژەی (14.9٪) یە، ئەوەش ئەوەمان پێدەڵێت ئافرەتانی جیابووە، کێشەکانیان ئەگەر هەبێت تەنها لەگەڵ ئەندامانی خانەوادەکەی خۆیان لە گەڵ باوک یا براکانیانە نەک هاوسەرەکانیان.

**خشتەی ژمارە (4)دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی  باری کۆمەڵایەتی**

| ژمارە | گۆڕاو | چەندبارەیی | ڕێژە(٪) |
|---|---|---|---|
| 1 | خێزاندار | 21 | 44.7% |
| 2 | جیابووەوە | 7 | 14.9% |
| 3 | کچ | 19 | 40.4% |
| | سەرجەم | 47 | 100 |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە داتاکانی ڕاپرسی

**5. دابەشکردنی تاکی بژاردەکان بە گوێرەی ماوەی هاوسەرگیری:** لە خشتەی ژمارە(5)دا، دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی ماوەی هاوسەرگیری ڕوون دەکرێتەوە کە  بەرزترین ڕێژە ئەو ئافرەتانە پێکدەهێنێت ماوەی هاوسەرگیرییەکەیان (5–6) ساڵ بووە بە ڕێژەی (28.6%)، لە بەرامبەردا کەمترین ڕێژە ئەو ئافرەتانەن کە ماوەی هاوسەرگیریان لە نێوان مانگێک کەمتر تا  (6) مانگ بووە بە ڕێژەی (3.6%).

**خشتەی ژمارە (5)دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی ماوەی هاوسەرگیری**

| ژمارە | گۆڕاو | چەندبارەیی | ڕێژە(٪) |
|---|---|---|---|
| 1 | مانگێک کەمتر تا 6 مانگ | 1 | 3.6% |
| 2 | 7–11 مانگ | 7 | 25.0% |
| 3 | 1–2 ساڵ | 4 | 14.3% |
| 4 | 3–4 ساڵ | 3 | 10.7% |
| 5 | 5–6 ساڵ | 8 | 28.6% |
| 6 | 7–8 ساڵ | 5 | 17.9% |
| | سەرجەم | 47 | 100 |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە داتاکانی ڕاپرسی

**6. دابەشکردنی تاکی بژاردەکان بە گوێرەی بری مارەیی:** لە خشتەی ژمارە (6)دا، دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی بری مارەیی ڕوون دەکەینەوە کە بەرزترین ڕێژە ئەوانەن کە بری (21–30 میسقاڵ) زێڕیان بۆ کراوە بە ڕێژەی (39.3%)، لە بەرامبەردا کەمترین ڕێژە ئەوانەن کە زێڕی کەمتریشیان وەک مارەیی بۆ کراوە  بە بری (31–40 میسقاڵ) بە ڕێژەی (3.6%).

خشتەی ژمارە (6)دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی بری مارەیی

| ژمارە | گۆڕاو | چەندبارەیی | ڕێژە(٪) |
|---|---|---|---|
| 1 | 1–10 میسقاڵ | 6 | 21.4% |
| 2 | 11–20 میسقاڵ | 5 | 17.9% |
| 3 | 21–30 میسقاڵ | 11 | 39.3% |
| 4 | 31–40 میسقاڵ | 1 | 3.6% |
| 5 | 41–50 میسقاڵ | 3 | 10.7% |
| 6 | 51–60 میسقاڵ | 2 | 7.1% |
| | سەرجەم | 47 | 100 |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە داتاکانی ڕاپرسی

**7. دابەشکردنی تاکی بژاردەکان بە گوێرەی پەنابردن بۆ داڵدەدانی ئافرەتان:** لە خشتەی ژمارە(7)دا، دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی هۆکاری پەنابردن بۆ داڵدەدانی ئافرەتان روون دەکەینەوە کە بەرزترین رێژە ئەوانەن هاوسەرەکانیان هەرەشیان لێکردوون پەنایان بۆ دڵدەدانی ئافرەتان بردووە بە رێژەی (37.0%)، بەڵام کەمترین رێژە ئەوانەن کە هۆکاری پەنابردنیان بۆ داڵدەدانی ئافرەتان ئەوەیە کە لەگەڵ خۆشەویستەکانیان هەڵاتوون بە رێژەی (13%)، کەوایە ئەو رێژە بەرزەی تۆمارکراوە کە هۆکاری پەنابردنیان بۆ داڵدەدانی شاری هەولێر لە ترسی هەرەشەکانی هاوسەرەکانیان بووەو کێشە کەوتۆتە نێوان بەبێ ئەوەی بتوانن چارەسەری بکەن، بۆیە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان پەنایان بۆ ئەو شوێنە پارێزراوە بردووە.

**خشتەی ژمارە (7)دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی هۆکاری پەنابردن بۆ داڵدەدانی ئافرەتان**

| ژمارە | گۆڕاو | چەندبارەیی | رێژە(٪) |
|---|---|---|---|
| 1 | هەرەشەی هاوسەر | 17 | 37.0% |
| 2 | هەرەشەی یەکێک لە ئەندامانی خانەوادە | 15 | 32.6% |
| 3 | هەرەشەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان | 8 | 17.4% |
| 4 | هەڵاتن لەگەڵ خۆشەویست | 6 | 13.0% |
| | سەرجەم | 47 | 100 |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە داتاکانی راپرسی

**8.دابەشکردنی تاکی بژاردەکان بە گوێرەی جۆری توندوتیژی:** لە خشتەی ژمارە(8)دا، دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی جۆری توندوتیژی روونکراوەتەوە کە بەرزترین رێژە جۆری توندوتیژییەکەیان کۆمەڵایەتی بووە بە رێژەی (43.5%)، دوای ئەو جۆرە، توندوتیژی ئابووری و جەستەیی دێت کە رێژەی هاوشێوەن (19.6%)یە، بەڵام کەمترین رێژە توندوتیژی دەستدرێژییە بە رێژەی (4.3%)، هەرچەندە توێژەران لە گریمانەی توێژینەوەکانیان وا گریمانەیان کردووە کە هۆکاری هەرەسەرەکی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان توندوتیژی ئابوورییە، بەڵام بەپێی وەڵامی فۆرمی راپرسییەکە ئەوەیانبۆ دەرکەوت توندوتیژی کۆمەڵایەتی لە ریزبەندی یەکەمدایەو توندوتیژی ئابووری لە ریزبەندی دووەمی جۆرەکانی ئەو توندوتیژییە ئافرەتان وەک هۆکارێک پەنایان بۆ داڵدەدانی شاری هەولێر بردووە بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

**خشتەی ژمارە (8)دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی جۆری توندوتیژی**

| ژمارە | گۆڕاو | چەندبارەیی | رێژە(٪) |
|---|---|---|---|
| 1 | ئابووری | 9 | 19.6% |
| 2 | کۆمەڵایەتی | 20 | 43.5% |
| 3 | دەروونی | 2 | 4.3% |
| 4 | لێدانی جەستەیی | 9 | 19.6% |
| 5 | زارەکی | 4 | 8.7% |
| 6 | دەستدرێژی | 2 | 4.3% |
| | سەرجەم | 47 | 100 |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە داتاکانی راپرسی

**8. دابەشکردنی تاکی بژاردەکان بە گوێرەی سەرچاوەی داهات بە دینار:** لە خشتەی ژمارە (9)، دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی سەرچاوەی داهات بە دینار روون دەکرێتەوە کە بەرزترین سەرچاوەی داهاتیان لە نێوان (200 کەمتر-400) هەزار دینارە بە رێژەی (62.2%)، بەڵام کەمترین رێژە ئەوانەن سەرچاوەی داهاتیان لەنێوان (601-

700) هەزار دینارە بە ڕێژەی(4.4%)، ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بەشێکی کێشەکانی نێوان هاوسەرەکان پەیوەندی بە کەمی سەرچاوەی داهاتەوەیە، ئەوەشی هەیە کەمەو دەبێتە سەرچاوەی کێشەی نێوان هاوسەران.

**خشتەی ژمارە (9)دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی سەرچاوەی داهات بە دینار**

| ژمارە | گۆڕاو | چەندبارەیی | ڕێژە(٪) |
|---|---|---|---|
| 1 | (200 کەمتر-400) هەزار دینار | 28 | 62.2% |
| 2 | (401-500) هەزار دینار | 0 | 0.0% |
| 3 | (501 -600) هەزار دینار | 4 | 8.9% |
| 4 | (601-700) هەزار دینار | 2 | 4.4% |
| 5 | (701 -800) هەزار دینار | 3 | 6.7% |
| 6 | (801-900) هەزار دینار زیاتر | 8 | 17.8% |
| | سەرجەم | 47 | 100 |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە داتاکانی ڕاپرسی

**9. دابەشکردنی تاکی بژاردەکان بە گوێرەی کارکردنی هاوسەرەکان:** لە خشتەی ژمارە(10)دا، دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی کارکردنی هاوسەرەکان ڕوونکراوەتەوە، کە بەرزترین ڕێژەیان (96.4%) ئەوانەی هاوسەریان هەیە، هاوسەرەکانیان کاریان کردووە، بەڵام تەنها یەک ئافرەتی هاوسەردار بە ڕێژەی (3.6%) هاوسەرەکەی کاری نەکردووە تا بژێوی ژیانیان دابین بکات.

**خشتەی ژمارە (10)دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی کارکردنی هاوسەرەکان**

| ژمارە | گۆڕاو | چەندبارەیی | ڕێژە(٪) |
|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 27 | 96.4% |
| 2 | نەخێر | 1 | 3.6% |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە داتاکانی ڕاپرسی

**10.دابەشکردنی تاکی بژاردەکان بە گوێرەی ئەو سەرچاوەیەی دەبێتە هۆی دابینکردنی بژێوی خانەوادە :**

لە خشتەی ژمارە (11)دا، دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی ئەو سەرچاوەیەی دەبێتە هۆی دابینکردنی بژێوی خانەوادە ڕوونکراوەتەوە کە بە ڕێژەی (71.4%) کە بەرزترین ڕێژەیە، وەڵامیانداتەوە ئەو داهاتەی کۆیدەکەنەوە ناتوانن بژێوی خانەوادەکەی پێ دابین بکەن، لە بەرامبەردا تەنها ڕێژەی (28.6%) کەمترین ڕێژەیە، پێیانوایە ئەو داهاتە دێتە بەردەستیان بژێوی ژیانیان دابین دەکات، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هۆکاری ئابووری، هۆکارێکی سەرەکییە لە سەرهەڵدانی کێشە خانەوادەییەکان، پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کە جۆری کێشەکانیان زیاتر بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی گەڕاندۆتەوە.

**خشتەی ژمارە (11)دابەشبوونی تاکەکان بە گوێرەی ئەو سەرچاوەیەی دەبێتە هۆی دابینکردنی بژێوی خانەوادە**

| ژمارە | گۆڕاو | چەندبارەیی | ڕێژە(٪) |
|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 8 | 28.6% |
| 2 | نەخێر | 20 | 71.4% |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە داتاکانی ڕاپرسی

### 2.3. هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach Alpha Coefficient)

لە خشتەی (12) بەهاکانی هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخی خەملێنراو بۆ ڕێژەی هاوڕێکی ناوەخۆیی (Consistency) پێوانەکە نیشان دەدات. ئەنجامی ئەلفا کرۆنباخ بریتییە لە (0.821,0.826,0.964) بۆ گۆڕاوەی توندوتیژی ئابووری پەیوەست بە ڕەهەندەکانی(کار، مووچە، موڵک). هەروەها ئەنجامی ئەلفا کرۆنباخ (0.912) بۆ هەموو گۆڕاوە سەربەخۆکانە. لەلایەکی دیکە ئەنجامی ئەلفا کرۆنباخ بریتییە لە (0.809,0.865,0.869) بۆ گۆڕاوەی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان پەیوەست بە ڕەهەندەکانی(توندوتیژی،جیابوونەوە، نەبوونی هاوسەر). هەروەها ئەنجامی ئەلفا کرۆنباخ (0.919) بۆ هەموو گۆڕاوە پاشکۆکانە. لەلایەکی دیکەوە هەمان خشتە نیشان دەدات کە هەموو بنیاتەکان لە تاقیکردنەوەی متمانەپێکردن دەرچوون، چونکە هەموو بەهاکانی ئەلفا کەمترین بەهای ئەلفا پێشنیارکراوی کرۆنباخیان تێپەڕاندووە. کەمترین متمانەپێکراوی پەسەندکراوی "ئەلفا" بۆ ئەم پێوەرە 0.60 یە ( Hair et al., 2010 and Blbas et al., 2017).

**خشتەی(12) تاقیکردنەوەی ئەلفا کرۆنباخ**

| Cronbach's Alpha | ژمارەی گۆڕاوەکان | گۆڕاوەکان |
|---|---|---|
| 0.964 | 5 | کار |
| 0.826 | 5 | مووچە |
| 0.821 | 5 | موڵک |
| 0.912 | 15 | ڕەهەندەکانی توندوتیژی ئابووری |
| 0.869 | 5 | توندوتیژی |
| 0.865 | 5 | جیابوونەوە |
| 0.809 | 5 | نەبونی هاوسەر |
| 0.919 | 15 | ڕەهەندەکانی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان |
| 0.937 | 30 | سەرجەم |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە شیکردنەوەی ئاماری

### 3.3. باسکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوە

#### أ.گۆڕاوی سەربەخۆ: باسکردنی گۆڕاوی توندوتیژی ئابووری

#### ڕەهەندەکانی توندوتیژی ئابووری

1. **کارو پیشە**: وەڵامی ئافرەتانی ڕاگیراو لە دڵەدانی شاری هەولێر لە خشتەی (13)دا نیشان دراوە بۆ دابەشکردنی چەندبارەیی، نێوەندی ژمێری، و لادانەکانی پێوانەیی، وەڵامەکانی پەیوەست بە ناوەڕۆکی دەستەواژەکانی (X1 – X5) کە پەیوەندییان بە وەسفکردنی بۆچوونی وەڵامدەرەوەکانەوە هەیە، سەبارەت بە وەسفەکە لە ڕەهەندی کارو پیشە، کە لە ئاستێکی خراپدا ئارەزووی هاوڕابوونیان هەیە، چونکە ڕێژەکان و پێوەرەکانی گشتی ئاماژە بەوە دەکەن کە (10.5%)ی تاکەکانی وەڵامدەرەوەکان لەسەر ناوەڕۆکی ئەم لێدوانانە هاوڕابوون، بە بەراورد بە ڕێژەی سەدی (29%) کە هاوڕا نەبوون لەگەڵ ئەم ڕەهەندەدا ڕێژەی هاوڕابوونەکەش (49.12%)بووە، ئەمەش دوای ئەوە دێت کە نێوەندی ژمێری (2.46%) و لادانی پێوانەیی (1.24%)یە. ئەمەش ئاماژەیەک دەدات بە هاوڕانەبوونی نموونەکە لەسەر بەردەستبوونی ڕەهەندی کارو پیشە لە بەشە ڕووپێوکراوەکاندا لە ئاستێکی خراپدا.

بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکان لەم ڕەهەندەدا بۆ دەستەواژەی (X5) بووە بە ڕێژەی (50.60%)، بە نێوەندی ژمێری (2.53%)، و لادانی پێوانەیی (1.12%)، کە ئاماژەی ئەوە هەیە گوشارخستنەسەر ئافرەت بۆ پیشەی سوالکردن بە پێی وەڵامدەرەوەکان ڕێژەیەکی بەرزەو ئەوەش ئەوەمان پێدەڵێت ئەو جۆرە گوشارە جۆرێکە لە توندوتیژی ئابووری لەسەر ئافرەتان.

2. **مووچەو سەرچاوەی داهات**:نیشاندەرەکانی خشتەی (13) دابەشکردنی چەندبارەیی، نێوەندی ژمێری، و لادانە پێوانەییەکانی وەڵامەکانی پەیوەست بە ناوەرۆکی دەستەواژەکانی (X6 – X10) نیشان دەدات کە پەیوەندییان بە وەسفکردنی بۆچوونەکانی وەڵامدەرەوەکانەوە هەیە سەبارەت بە وەسفکردنی ڕەهەندی مووچەو سەرچاوەی داهات، کە ڕێژەکان بەپێی پێوەرە گشتییەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە (7%)ی ئەو کەسانەی وەڵامدەرەوەی نێو دالدەدانی ئافرەتانی هەولێر لەسەر ناوەرۆکی ئەم دەستەواژانە هاوڕا بوون، بە بەراورد بە ڕێژەیەکی (28%) کە لەگەڵ ناوەرۆکی ئاماژەکانی ئەم ڕەهەندە هاوڕانین، ڕێژەی سەدی هاوڕابوون گەیشتە (49.40%)و پاشان بە نێوەندی ژمێری (2.47%) و لادانی پێوانەیی(1.08%). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئافرەتانی نێو دالدەدانی شاری هەولێر لە ئاستێکی خراپ سەرنجیان لەسەر ڕەهەندی مووچەو سەرچاوەی داهاتە.

بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکان لەم ڕەهەندەدا دەستەواژەی (X6) بووە، کە ڕێژەی (51.40%)بووە، نێوەندی ژمێری (2.57%) و لادانی پێوانەیی (1.07%) بووە، بەو پێیە ئەو ئافرەتانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە پێیان وایە پێدانی کرێی کەمتر بە بەراورد بە پیاو لە هەمان شوێنی کارکردندا هەیە، ئەمەش جۆرێکەی توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان.

لە کاتێکدا کەمترین ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکان لەم ڕەهەندەدا بۆ دەستەواژەی (X9)یە، کە گەیشتە (46.80%)، بە تێکڕای نێوەندی ژمێری(2.34%) و لادانێکی پێوانەیی (0.96%)لەو ڕوانگەشەوە ئەو ئافرەتانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە پێیان وایە ژنان سەرباری ئەوەی لە ماڵ بە درێژایی کاتەکانیان کار دەکەن کەچی لە بەرامبەر هیچ وەرناگرن.

3. **موڵک و داهات**: ئەنجامەکانی خشتەی (13) ئاماژە بە دابەشکردنی چەند بارەیی، نێوەندی ژمێری، لادانە پێوانەییەکان دەکەن بۆ وەڵامە تایبەتەکان بۆ دەستەواژەکانی (X11 – X15)، بەتایبەتی وەسفکردنی بۆچوونەکانی وەڵامدەرەوەکان سەبارەت بە وەسفکردنی ڕەهەندی موڵک و داهات، کە لە ئاستێکی خراپدا هاوڕان، بەو پێیەی ڕێژەکان بەپێی پێوەرە گشتییەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە (10%)ی وەڵامدەرەوەکان هاوڕابوون لەسەر ناوەرۆکی ئەم دەستەواژانە، بە بەراورد بە هاوڕانەبوون(26%) یە و ڕێژەکەی بەرزترە.ڕێژەی هاوڕابوونیش گەیشتۆتە (49.79%)، و ئەمەش لەگەڵ نێوەندی ژمێری (2.9%) و لادانی پێوانەیی (1.15) یە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو ئافرەتانە بە بەرزترین ڕێژە هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکان لەم ڕەهەندەدا دەستەواژەی (X15) بووە، کە گەیشتووەتە (55.40%)، بە تێکڕای نێوەندی ژمێری (2.77%)، لادانێکی پێوانەیی (1.05%)، ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە وەڵامدەرەوەکان پێیان وایە بەکارهێنانی ناوی ژن بۆ بریکارنامە (الوكالات)ی تایبەت بە موڵک و ماڵ و چۆنییەتی کارپێکردنیان خراپ بە کاردەهێنرێت لەلایەن پیاوانەوە. لە هەمان کاتدا کەمترین ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکاندا لەم ڕەهەندەدا بۆ دستەواژەی (X11)یە، کە بڕی (46.80%) بووە، بە تێکڕای نێوەندی ژمێری (2.34%) و لادانێکی پێوانەیی (1.34%)، ئاماژەیە بە دەستەواژەی دەستگرتن بەسەر کەلوپەلە کەسییەکانی ژن وەک (زێڕ- پارە) لەلایەن پیاوانەوە. بەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەو ئافرەتانەی لە نێو دالدەدانی ئافرەتان بوونە لەو کاتەدا کێشەی دەستگرتن بەسەر کەلوپەلە کەسییەکانیان لەلایەن پیاوانە کەمتر بووە.

ڕێژەی سەدی هاوڕابوون لەسەر ئاستی گۆڕاوە وابەستەکراوەکانی ڕەهەندەکانی (X1-X15) گەیشتە (49.79%)، لەگەڵ نێوەندی ژمێری (2.49%)، و لادانی پێوانەیی(1.15%)یە . گۆڕاوی ڕەهەندی توندوتیژی ئابووری وەک ڕەهەندەکان (کارو پیشە، مووچە، موڵک و داهات) لە بەشەکانی لێکۆڵینەوە و لە ئاستێکی باش نییە.

**خشتەی(13)باسکردنی ڕەهەندەکانی توندوتیژی ئابووری**

| | | هاوڕانیم بە توندی | | هاوڕانیم | | بێلایەن | | هاوڕام | | هاوڕام بەتوندی | | نێوەندی ژمێری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 1 | | 2 | | 3 | | 4 | | 5 | | | | |
| | | N | % | N | % | N | % | N | % | N | % | | | |
| کارو پیشە | X1 | 17 | 36.2% | 11 | 23.4% | 9 | 19.1% | 3 | 6.4% | 7 | 14.9% | 2.40 | 1.42 | 48.00 |
| | X2 | 12 | 26.1% | 17 | 37.0% | 7 | 15.2% | 4 | 8.7% | 6 | 13.0% | 2.46 | 1.33 | 49.20 |
| | X3 | 11 | 23.4% | 15 | 31.9% | 11 | 23.4% | 7 | 14.9% | 3 | 6.4% | 2.49 | 1.20 | 49.80 |
| | X4 | 10 | 21.3% | 19 | 40.4% | 10 | 21.3% | 5 | 10.6% | 3 | 6.4% | 2.40 | 1.14 | 48.00 |
| | X5 | 9 | 19.1% | 16 | 34.0% | 12 | 25.5% | 8 | 17.0% | 2 | 4.3% | 2.53 | 1.12 | 50.60 |
| | تێکڕا | 25% | | 33% | | 21% | | 12% | | 9% | | 2.46 | 1.24 | 49.12 |
| | | 29% | | | | | | 10.5% | | | | | | |
| مووچە | X6 | 7 | 15.2% | 15 | 32.6% | 19 | 41.3% | 1 | 2.2% | 4 | 8.7% | 2.57 | 1.07 | 51.40 |
| | X7 | 7 | 14.9% | 19 | 40.4% | 13 | 27.7% | 4 | 8.5% | 4 | 8.5% | 2.55 | 1.12 | 51.00 |
| | X8 | 11 | 23.4% | 19 | 40.4% | 10 | 21.3% | 3 | 6.4% | 4 | 8.5% | 2.36 | 1.17 | 47.20 |
| | X9 | 9 | 19.1% | 19 | 40.4% | 14 | 29.8% | 4 | 8.5% | 1 | 2.1% | 2.34 | 0.96 | 46.80 |
| | X10 | 8 | 17.0% | 16 | 34.0% | 16 | 34.0% | 4 | 8.5% | 3 | 6.4% | 2.53 | 1.08 | 50.60 |
| | معدل | 18% | | 38% | | 31% | | 7% | | 7% | | 2.47 | 1.08 | 49.40 |
| | | 28% | | | | | | 7% | | | | | | |
| موڵک و داهات | X11 | 15 | 31.9% | 16 | 34.0% | 7 | 14.9% | 3 | 6.4% | 6 | 12.8% | 2.34 | 1.34 | 46.80 |
| | X12 | 8 | 17.0% | 20 | 42.6% | 12 | 25.5% | 3 | 6.4% | 4 | 8.5% | 2.47 | 1.12 | 49.40 |
| | X13 | 6 | 12.8% | 14 | 29.8% | 17 | 36.2% | 9 | 19.1% | 1 | 2.1% | 2.68 | 1.00 | 53.60 |
| | X14 | 10 | 21.3% | 16 | 34.0% | 14 | 29.8% | 4 | 8.5% | 3 | 6.4% | 2.45 | 1.12 | 49.00 |
| | X15 | 7 | 14.9% | 11 | 23.4% | 15 | 31.9% | 14 | 29.8% | 0 | 0.0% | 2.77 | 1.05 | 55.40 |
| | تێکڕا | 20% | | 33% | | 28% | | 14% | | 6% | | 2.54 | 1.13 | 50.84 |
| | | 26% | | | | | | 10% | | | | | | |
| | تێکڕای گشتی | 20.9% | | 34.6% | | 26.5% | | 10.8% | | 7.3% | | 2.49 | 1.15 | 49.79 |
| | | 27.7% | | | | | | 9.0% | | | | | | |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە شیکردنەوەی ئاماری

### 4.3.گۆڕاوی پاشکۆ: وەسفی گۆڕاوی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان

### ب.ڕەهەندەکانی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان

1. **توندوتیژی خێزانی:** وەڵامی ئافرەتانی ڕاگیراو لە خشتەی (14)دا نیشان دراوە بۆ دابەشکردنی چەندبارەیی، نێوەندی ژمێری، و لادانەکانی پێوانەیی وەڵامەکانی پەیوەست بە ناوەڕۆکی دەستەواژەکانی (Y1 – Y5) کە پەیوەندییان بە وەسفکردنی بۆچوونی وەڵامدەرەوەکانەوە هەیە سەبارەت بە وەسفەکە لە ڕەهەندی مانەوە، کە مەیلیان هەیە لە ئاستێکی باشدا ڕێکبکەون، چونکە ڕێژەکان و پێوەرەکانی گشتی ئاماژە بەوە دەکەن کە (7%)ی تاکەکانی وەڵامدەرەوەکان لەسەر ناوەڕۆکی ئەم دەستەواژانە هاوڕا بوون، بە بەراورد بە ڕێژەی سەدی (33%)کە هاوڕا نەبوون لەگەڵ ئەم ڕەهەندەدا، ئیدی ڕێژەی هاوڕابوونیش (44.72%)بووە، تێکڕای نێوەندی ژمێریش (2.24%) و لادانی

پێوانەییش (1.13%)یە. ئەمەش ئاماژەیەک دەدات بە هاوڕابوونی نمونەکە لەسەر بەردەستبوونی ڕەهەندی توندوتیژی خێزانی لە بەشە ڕووپێوکراوەکاندا لە ئاستێکی نییە.

بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکان لەم ڕەهەندەدا بۆ دەستەواژەی (Y4) بووە بە ڕێژەی (48.60%)بە نێوەندی ژمێری (2.43%)، و لادانی پێوانەیی (0.85%)، کە ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوە کە نەبوونی ڕۆشنبیری ئابووری و هۆشیاری تایبەت بە بەڕێوەبردنی ماڵ، هۆکارێکە بۆ لێکترازانی شیرازەی خانەوادەکان.

2. **جیابوونەوە:**نیشانەدەرەکانی خشتەی (14) دابەشکردنی چەندبارەیی، نێوەندی ژمێری، و لادانە پێوانەییەکانی وەڵامەکانی پەیوەست بە ناوەڕۆکی دەستەواژەکانی (Y6 – Y10)یان نیشان دا کە پەیوەندییان بە وەسفکردنی بۆچوونەکانی وەڵامدەرەوەکانەوە هەیە سەبارەت بە وەسفکردنی ڕەهەندی جیابوونەوە ڕێژەکان بەپێی پێوەرە گشتییەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە (12%)ی وەڵامدەرەوەکان لەسەر ناوەڕۆکی ئەم دەستەواژانە هاوڕا بوون، بە بەراورد بە ڕێژەیەکی (26%) لەگەڵ ناوەڕۆکی دەستەواژەکان ئەم ڕەهەندە هاوڕانین، بۆ ئەمەش ڕێژەی سەدی هاوڕابوون گەیشتە (51.88%)و پاشان بە نێوەندی ژمێری (259%) و لادانی پێوانەیی (1.14%). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو ئافرەتانەی وەڵامیان داوەتەوە ئارەزووی جیابوونەوە ناکەن .

بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکان لەم ڕەهەندەدا بۆ دەستەواژەی (Y9) بووە، کە ڕێژەی (56.60%)بووە، بە تێکڕای نێوەندی ژمێری (2.83%) و لادانی پێوانەیی (1.09%) بووە، بۆیە ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە پێیان وایە دەستتێوەردانی دەرەکی و بوونی گومان و دڵپیسی دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان. لە کاتێکدا کەمترین ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکان لەم ڕەهەندەدا بۆ دەستەواژەی (Y7)ە، کە گەیشتە (45.60)%بە تێکڕای نێوەندی ژمێری (2.28%) و لادانی پێوانەیی (1.14%).

**3.نەبوونی هاوسەر:** ئەنجامەکانی خشتەی (14) ئاماژە بە دابەشکردنی، نێوەندی ژمێری، و لادانە پێوانەییەکان، ڕێژەی هاوڕابوون دەکەن بۆ وەڵامە تایبەتەکان بۆ دەستەواژەکانی (Y11 – Y15)، بەتایبەتی وەسفکردنی بۆچوونەکانی وەڵامدەرەوەکان سەبارەت بە وەسفکردنی ڕەهەندی نەبوونی هاوسەر، بەو پێیەی ڕێژەکان و بەپێی پێوەرە گشتییەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە (14%)ی تاکەکان وەڵامدەرەوەکان هاوڕا بوون لەسەر ناوەڕۆکی ئەم دەستەواژانە، بە بەراورد بە ڕێژەی سەدی (18%) کە لەگەڵ ناوەڕۆکی دەستەواژەکان هاوڕانەبوون، بۆیە ڕێژەی هاوڕابوون گەیشتە (58.32%) و ئەمەش لەگەڵ نێوەندی ژمێری (2.92%) و لادانی پێوانەیی (1.02%) هات.

بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکاندا لەم ڕەهەندەدا دەستەواژەی (Y13) بووە، کە گەیشتووەتە (63.80%)، بە تێکڕای نێوە ژمێری (3.19%)، و لادانی پێوانەیی(0,85%) بووە ، ئەوەش ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ئافرەت کاتی زۆرینەی کاتەکانی بۆ گەشت و سەیران لە گەڵ دۆستان و بازاڕکردن بێت، هیچ کاتی بۆ ماڵ و منداڵ و هاوسەرەکەی نییە ئەمەش لێکترازان دروست دەکات.

لە هەمان کاتدا کەمترین ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەکان لەم ڕەهەندەدا بۆ دەستەواژەی (Y11)ە، کە بڕی (49.20%)بووە، بە تێکڕای نێوەندی ژمێری (2.46%) و لادانی پێوانەیی (1.24%) ، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی سەرقاڵبوونی پیاو بە کاروبارەکانی دەرەوەو پشتگوێخستنی خانەوادە دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان.

ڕێژەی سەدی هاوڕابووون لەسەر ئاستی گۆڕاوە پاشکۆکان بە ڕەهەندەکانی (Y1-Y15) گەیشتە (51.64%)، لەگەڵ نێوەندی ژمێری (2.58%)، و لادانی پێوانەیی(1.10%). گۆڕاوەی شیرازەی خانەوادەکان وەک ڕەهەندەکان (توندوتیژی خانەوادەکان، جیابوونەوە، نەبوونی هاوسەر) لە بەشەکانی لێکۆڵینەوەکەدا.

خشتەی(14)باسکردنی ڕەهەندەکانی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان

| | | هاوڕانیم بە توندی (1) N | هاوڕانیم بە توندی (1) % | هاوڕانیم (2) N | هاوڕانیم (2) % | بێلایەن (3) N | بێلایەن (3) % | هاوڕام (4) N | هاوڕام (4) % | هاوڕام بەتوندی (5) N | هاوڕام بەتوندی (5) % | نێوەندی ژمێری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی هاوڕابوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| توندوتیژی خانەوادەکان | Y1 | 25 | 53.2% | 9 | 19.1% | 5 | 10.6% | 3 | 6.4% | 5 | 10.6% | 2.02 | 1.38 | 40.40 |
| | Y2 | 12 | 25.5% | 16 | 34.0% | 14 | 29.8% | 3 | 6.4% | 2 | 4.3% | 2.30 | 1.06 | 46.00 |
| | Y3 | 14 | 29.8% | 21 | 44.7% | 6 | 12.8% | 2 | 4.3% | 4 | 8.5% | 2.17 | 1.17 | 43.40 |
| | Y4 | 5 | 10.6% | 23 | 48.9% | 13 | 27.7% | 6 | 12.8% | 0 | 0.0% | 2.43 | 0.85 | 48.60 |
| | Y5 | 14 | 29.8% | 18 | 38.3% | 7 | 14.9% | 5 | 10.6% | 3 | 6.4% | 2.26 | 1.19 | 45.20 |
| | تێکڕا | | 30% | | 37% | | 19% | | 8% | | 6% | 2.24 | 1.13 | 44.72 |
| | | | 33% | | | | | | 7% | | | | | |
| جیابوونەوە | Y6 | 11 | 23.4% | 16 | 34.0% | 11 | 23.4% | 4 | 8.5% | 5 | 10.6% | 2.49 | 1.25 | 49.80 |
| | Y7 | 13 | 27.7% | 18 | 38.3% | 8 | 17.0% | 6 | 12.8% | 2 | 4.3% | 2.28 | 1.14 | 45.60 |
| | Y8 | 8 | 17.0% | 14 | 29.8% | 17 | 36.2% | 5 | 10.6% | 3 | 6.4% | 2.60 | 1.10 | 52.00 |
| | Y9 | 4 | 8.5% | 18 | 38.3% | 9 | 19.1% | 14 | 29.8% | 2 | 4.3% | 2.83 | 1.09 | 56.60 |
| | Y10 | 7 | 14.9% | 14 | 29.8% | 11 | 23.4% | 13 | 27.7% | 2 | 4.3% | 2.77 | 1.15 | 55.40 |
| | تێکڕا | | 18% | | 34% | | 24% | | 18% | | 6% | 2.59 | 1.14 | 51.88 |
| | | | 26% | | | | | | 12% | | | | | |
| نەبوونی هاوسەر | Y11 | 11 | 23.9% | 16 | 34.8% | 11 | 23.9% | 3 | 6.5% | 5 | 10.9% | 2.46 | 1.24 | 49.20 |
| | Y12 | 2 | 4.3% | 14 | 29.8% | 19 | 40.4% | 7 | 14.9% | 5 | 10.6% | 2.98 | 1.03 | 59.60 |
| | Y13 | 2 | 4.3% | 4 | 8.5% | 27 | 57.4% | 11 | 23.4% | 3 | 6.4% | 3.19 | 0.85 | 63.80 |
| | Y14 | 1 | 2.1% | 12 | 25.5% | 19 | 40.4% | 13 | 27.7% | 2 | 4.3% | 3.06 | 0.90 | 61.20 |
| | Y15 | 1 | 2.1% | 23 | 48.9% | 6 | 12.8% | 14 | 29.8% | 3 | 6.4% | 2.89 | 1.07 | 57.80 |
| | تێکڕا | | 7% | | 30% | | 35% | | 20% | | 8% | 2.92 | 1.02 | 58.32 |
| | | | 18% | | | | | | 14% | | | | | |
| | تێکڕای گشتی | | 18.5% | | 33.5% | | 26.0% | | 15.5% | | 6.5% | 2.58 | 1.10 | 51.64 |
| | | | 26.0% | | | | | | 11.0% | | | | | |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەران بە پشت بەستن بە شیکردنەوەی ئاماری

## 4. ئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان

### 1.4.ئەنجامەکان

1. توندوتیژی خانەوادەیی بە واتای ئەوە دێت کە ئەندامێکی خانەوادە لە دژی ئەندامێکی تری خانەوادە کە زیان یان ئازاری پێبگەیەنێت، جا ئاکاری یان جەستەیی بێت.

2. توندوتیژی ئابووری واتای کەمکردنەوەی توانای ئابووری ژنان و کچان و دوورخستنەوەیان لە بڕیارە ئابوورییەکانی خانەوادە، لە ڕێگای ناچارکردنیان بەکارکردن و دوورخستنەوەیان لەکارکردن و، دەستگرتن بەسەر هەموو یان بەشێکی مووچەو کرێ و دەسهات و دەرامەتییان.

3. تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان کە شوێنەواری خراپی هەیەو تێچووی ئابووری لەسەر کۆمەڵگەو حکومەت زیاد دەکات بۆ هۆکارە (کۆمەڵایەتی و دەروونی وبایەلۆجی و تەکەنەلۆژیای سەردەم (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) و هۆکاری ئابوورییەکان بگەڕێنینەوە.

4. هۆكاری ئابووری یەكێكە لە هۆكارەكانی تێكچوونی شیرازەی خانەوادەكان، چونكە لە بنەڕەتدا زۆریی مارەیی و داواكاری دارایی زۆری ئافرەتان لە پیاوان سەردەكێشێت بۆ ئەو پرسە.

5. پەیوەندی تێوری لە نێوان گۆڕاوی توندوتیژی ئابووری وەک گۆڕاوی سەربەخۆو تێكچونی شیرازەی خانەوادەكان وەک گۆڕاوی پاشكۆ، پەیوەندیەكی راستەوانەیە، چونكە چەندە رێژەی توندوتیژی ئابووری زیاد بێت، راستەوخۆ كاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی تێكچوونی شیرازەی خانەوادەكان لە كۆمەڵگا دەكات.

6. دابەشبوونی تاكەكان بە گوێرەی جۆری تووندوتیژی روونكراوەتەوە كە بەرزترین رێژە جۆری توندوتیژییەكەیان كۆمەلایەتی بووە بە رێژەی (43.5%)، دوای ئەو جۆرە، توندوتیژی ئابووری و جەستەیی دێت كە رێژەی هاوشێوەن (19.6%)یە، بەڵام كەمترین رێژە توندوتیژی دەستدرێژییە بە رێژەی (4.3%).

7. دابەشبوونی تاكەكان بە گوێرەی كاركردنی هاوسەرەكان روونكراوەتەوە، كە بەرزترین رێژەیان (96.4%) ئەوانەی هاوسەریان هەیە، هاوسەرەكانیان كاریان كردووە، بەڵام تەنها یەک ئافرەتی هاوسەردار بە رێژەی (96.4%) هاوسەرەكەی كاری نەكردووە تا بژێوی ژیانیان دابین بكات.

8. دابەشبوونی تاكەكان بە گوێرەی داهاتی ئەو سەرچاوەیەی دەبێتە هۆی دابینكردنی بژێوی خانەوادە روونكراوەتەوە كە بە رێژەی (71.4%) كە بەرزترین رێژەیە، وەڵامیان داتەوە ئەو داهاتەی كۆیدەكەنەوە ناتوانن بژێوی خانەوادەكەی پێ دابین بكەن، لە بەرامبەردا تەنها رێژەی (28.6%) كەمترین رێژیە، پێیانوایە ئەو داهاتە دێتە بەردەستیان بژێوی ژیانیان دابین دەكات.

9. بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەكان لە ڕەهەندی كاروپیشەدا بۆ دەستەواژەی (X5) بووە بە ڕێژەی (50.60%)، بە نێوەندی ژمێری (2.53%)، و لادانی پێوانەیی (1.12%)، كە ئاماژەی ئەوە هەیە گوشارخستنەسەر ئافرەت بۆ پیشەی سوالًكردن بە پێی وەڵامدەرەوەكان رێژەیەكی بەرزەو ئەوەش ئەوەمان پێدەڵێت ئەو جۆرە گوشارە جۆرێكە لە توندوتیژی ئابووری لەسەر ئافرەتان.

10. بەرزترین ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەكان لە ڕەهەندی مووچە و سەرچاوەی داهات، دەستەواژەی (X6) بووە، كە ڕێژەی (51.40%)بووە، نێوەندی ژمێری (2.57%) و لادانی پێوانەیی (1.07%) بووە، بەو پێیە ئەو ئافرەتانەی لێكۆڵینەوەیان لەسەركراوە پێیانوایە پێدانی كرێی كەمتر بە بەراورد بە پیاو لە هەمان شوێنی كاركردندا هەیە، ئەمەش جۆرێكەی توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان. لە كاتێكدا كەمترین ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەكان لەم ڕەهەندەدا بۆ دەستەواژەی (X9)یە، كە گەیشتە (46.80%)، بە تێكڕای نێوەندی ژمێری(2.34%) و لادانێكی پێوانەیی (0.96%)لەو روانگەشەوە ئەو ئافرەتانەی لێكۆڵینەوەیان لەسەركراوە پێیان وایە ژنان سەرباری ئەوەی لە ماڵ بە درێژایی كاتەكانیان كار دەكەن كەچی لە بەرامبەر هیچ وەرناگرن.

11. بەرزترین ڕێژەی هاورابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەكان لە ڕەهەندی مولك و داهات دەستەواژەی (X15) بووە، كە گەیشتووەتە (55.40%)، بە تێكڕای نێوەندی ژمێری (2.77%)، لادانێكی پێوانەیی (1.05%)، ئەوەش ئەوەمان بۆ روون دەكاتەوە وەڵامدەرەوەكان پێیان وایە بەكارهێنانی ناوی ژن بۆ بریكارنامە (الوكالات)ی تایبەت بە مولك و ماڵ و چۆنییەتی كارپێكردنیان خراپ بە كاردەهێنرێت لەلایەن پیاوانەوە دژیان. لە هەمان كاتدا كەمترین ڕێژەی هاوڕابوون لەسەر ئاستی دەستەواژەكاندا لەم ڕەهەندەدا بۆ دستەواژەی (X11)یە، كە بری (46.80%) بووە، بە تێكڕای نێوەندی ژمێری (2.34%) و لادانێكی پێوانەیی (1.34%)، ئاماژەیە بە دەستەواژەی دەستگرتن بەسەر كەلوپەلە كەسییەكانی ژن وەک (زێڕ- پارە) لەلایەن پیاوانەوە. بەمەش ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە ئەو ئافرەتانەی لە نێو داڵەدانی ئافرەتان بوونە لەو كاتەدا، كێشەی دەستگرتن بەسەر كەلوپەلە كەسییەكانیان لەلایەن پیاوانە كەمتر بووە.

### 2.4. راسپاردە

1. زیادكردنی مادەیەک لە یاسای باری كەسی لە پێناو پاراستنی مافی ئابووری ژنان.
2. بلاوكردنەوەی هۆشیاری و نەخشەرێگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئابوووری دژ بە ژن لە میدیاكان.
3. ڕەخساندنی ژینگەیەكی شیاوی یەكسان بۆ كاركردنی ئافرەتان وەک (نووسینگەی شوفێری، شوێنی فرۆشتنی جل و بەرگ و پێداویستەكانی ژنان، وێنەگری، پەڕاوگەكان، كافتریای زانكۆكان... هتد).
4. زانایانی ئاینی لە گوتارەكانیان تیشک بخەنە سەر توندو تیژی ئابووری دژ بە ژنان و پێدانی مافە ئابوورییەكانیان .

5. زیادکردنی برگەیەک یا چەند بابەتێکی تایبەت بە هزری ناتوندوتیژی ئابووری ئافرەتان لە پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر ئاستی وەزارەتی پەروەردە.

6. دامەزراندنی دامەزراوەی تایبەت بە ڕاهێنان و فێرکردنی مامەڵەی ئابووریانەی شیاو بۆ خانەوادە تازەکان لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی دژ بە ئافرەتان وەک مەرجێک بۆ مارە بڕین تیایدا مامۆستایان و کەسانی بە ئەزموون ڕاهێنان بە دەستگیراندارەکان یا تازە هاوسەرەکان بکەن و فێری چۆنیەتی بە دەستهێنانی داهات و خەرجکردن و بەڕێوەبردنی ماڵ بکرێن، بە مەرجێک هاوسەنگی هەردوولا هەبێت و هزری ناتوندوتیژی ئابووری لە مێشکیان چەکەرە بکات.

## سەرچاوەکان


– أبو راشد، هتاف جمعة،(2022 )، العنف الاقتصادي سلب حقوق المرأة المالية في المملكة العربية السعودية- أسبابه وعلاجه)، مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية، المجلد(6) ، العدد (15)، كلية الأعمال، جامعة الملك عبد العزيز، المملكة العربية السعودية.

– حميد، سعد محمد علي، وساجت، خالد حنتوش،(2019)، التفكك الأسري- دراسة تحليلية، مجلة آداب المستنصرية، العدد(87)،

– ڕەفیق، هۆشمەند، (2020)،ڕەهەندە ئابوورییەکانی توندوتیژی ئابووری دژ بە خانمان، شکۆی خێزان،نوسینی دەستەیەک لە مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین، ئامادەکردنی (زەکیە فەقێ موحەمەد موحەمەد، عەبدولوەهاب ڕەمەزان عەبدولوەهاب، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەڤاڵی هونەری، هەولێر.

– ڕەفیق، هۆشمەند، (2021)،بیستانەی گەورە: زێدی ڕەسەنی کوردەواری لە دەشتی هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ئێران،

– ڕەفیق، هۆشمەند،(2015)، سەربەخۆبوونی ئافرەت لە ڕووی ئابوورییەوە،ژمارە(١٠١٩) لە ٢٠١٥/٣/٣، گۆڤاری (گوڵان)، هەولێر.

– ڕەفیق، هۆشمەند،(2020)، چۆن ئافرەت پشکداربێت لە داهاتی خێزان،ژمارە(١٢٥١) لە ٢٠٢٠/١/١٢، گۆڤاری (گوڵان)، هەولێر.

– ڕەفیق،هۆشمەند (2020)، تیۆری ئابووری، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ئێران.

– الزهرة،ريحاني،(2010 )، العنف الأسري ضد المرأة وعلاقته بالاضطرابات السيكوسوماتية(دراسة مقارنة بين النساء المعنفات وغير المعنفات – رسالة الماجستير في علم النفس،الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، جامعة محمد خيضر-بسكرة.

– سماقەیی، أيوب أنور حمد،(2022)، فلسفة العلاقة بين الادخار و العنف الاقتصادي المستدام- أقليم كوردستان العراق انموذجا (دراسة نظرية فلسفية)، مجلد (20) عدد (73)، المجلة العراقية للعلوم الاقتصادية.

– سماقەیی، ئەیوب ئەنوەر، (2022)، هەلیکۆپتەری دارایی، هەولێر.

– عبدالمقصود، جمال توفيق، (2019)، التفكك الأسري – الأسباب وطرق العلاج من منظور الفقه الإسلامي، مجلة كلية الدراسات الإسلامية والعربية للبنات بدمنهور ، المجلد(4)، العدد(5)، ص 593-706.

– العجمي، سحمي عبد الله عبدالرحمن،(2021)، العنف الاقتصادي ضد المرأة أسبابه وعلاجه في الشريعة الإسلامية، مجلة الدراسات الإسلامية والبحوث الأكاديمية، المجلد (16)،العدد(101)، كلية دار العلوم، جامعة القاهرة.

– القاسم، أحمد بن صالح،(2016 )، حقيقة التفكك الأسري وآثاره وسبل علاجه- بحث تكميلي لدرجة الماجستير في الثقافة الإسلامية، قسم الثقافة الاسلامية، كلية الشريعة بالرياض، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية. المملكة العربية السعودية.

– كمال، بوعلاق، (2017 )، (العنف الأسري وأثره على الأسرة والمجتمع في الجزائر- دراسة ميدانية على مستوى مصلحة الطب الشرعي بمستشفى مسلم الطيب بمعسكر)، أطروحة الدكتوراه، قسم علم الاجتماع، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة وهران 2 – محمد بن أحمد.

– گوانی، جعفر، (2020)،چۆن پەیوەندی خێزانی ڕێکبخەینەوە، شکۆی خێزان،نوسینی دەستەیەک لە مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین، ئامادەکردنی (زەکیە فەقێ موحەمەد موحەمەد، عەبدولوەهاب ڕەمەزان عەبدولوەهاب، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەڤاڵی هونەری، هەولێر.

– محمد، انيس شهيد، (2019 )، العنف الاسري والمرأة العاملة دراسة ميدانية في مدينة الديوانية، مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية، العدد (34)، كلية الآداب جامعة واسط.

– محمد، انيس شهيد، (2019 )، العنف الاسري والمرأة العاملة دراسة ميدانية في مدينة الديوانية، مجلة لارك للفلسفة والسانيات والعلوم الاجتماعية، العدد( 34)، جامعة القادسية.

– موفتی، حسن خالد مصطفى، (2020)،جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی و کاریگەریان لەسەر پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگە بە گشتی، شکۆی خێزان،نوسینی دەستەیەک لە مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین، ئامادەکردنی (زەکیە فەقێ موحەمەد موحەمەد، عەبدولوەهاب ڕەمەزان عەبدولوەهاب، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەڤاڵی هونەری، هەولێر.

– Blbas, H. T. A., Mahmood, S. H. and Omer, C. A., (2017). A Comparison results of factor analysis and cluster analysis to the migration of young people from the Kurdistan Region to Europe, 29 (4); 44-55, http://dx.doi.org/10.21271/ZJPAS.29.4.5

# العنف الاقتصادي ضد المرأة وأثره على التفكك الأسري

(دراسة تحليلية لآراء عينة من النساء في مراكز ملجأ النساء – أربيل)

**هۆشمەند رفيق ابراهيم**
قسم الإدارة التسويق، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة صلاح الدين- أربيل،أقليم كوردستان ،العراق
hoshmand.ibrahim@su.edu.krd

**هێردن ابراهيم احمد**
قسم علم النفس، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين- أربيل،أقليم كوردستان ،العراق
herdn.ahmed@su.edu.krd

**ملخص**

تحاول هذه الدراسة التحقيق في أثر العنف الاقتصادي ضد المرأة على تفكك الأسري، وهي دراسة تحليلية لآراء النساء في ملجأ النساء – أربيل، باعتبار العنف الاقتصادي كمتغير مستقل( العمل والمهنة، الراتب والمصادر الدخل، الملكية والميراث) ممثلة، وكذلك ترتيب الأسرة كمتغير تابع ممثلة بأبعاد (العنف الأ سري، الطلاق، غياب الزوج). الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو تحديد مدى تأثير العنف الاقتصادي ضد المرأة على تفكك الأسري والصراع الأسري وأثره على نظام المجتمع بشكل عام.

ولتحقيق أهداف الدراسة اعتمد الباحثان على المنهج الوصفي والتحليلي، وفي المنهج الوصفي تمت مناقشة وتحديد مجموعة مختارة من النساء في ملجأ النساء – أربيل، على الرغم من أن عدد النساء في ملجأ النساء هو (47) النساء. تم الاعتماد عليها كأدوات لجمع البيانات.

وخلصت الدراسة إلى عدد من الاستنتاجات أبرزها أن العلاقة النظرية بين متغير العنف الاقتصادي كمتغير مستقل تفكك الأسري كمتغير تابع، علاقة طردية، وأخيراً توصي الدراسة بإنشاء مؤسسات تدريب وتعليم المعاملة الاقتصادية المناسبة للأسر الجديدة في مديرية مكافحة المرأة كشرط للزواج.

**كلمات المفتاحية:** العنف الاقتصادي، ملجأ النساء، التفكك الاسري.

# Economic Violence against Women and its Impact on Family Disintegration

(An analytical study of the opinions of a sample of women in women's shelter centers - Erbil)

**Hoshmand Rafiq Ibrahim**
Department of Marketing Management, College of Administration and Economics, Salahaddin University- Erbil, Kurdistan Region. Iraq
hoshmand.ibrahim@su.edu.krd

**Herdn Ibrahim Ahmed**
Department of Psychology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region. Iraq
herdn.ahmed@su.edu.krd

## Abstract

This research attempts to investigate the impact of economic violence against women on family disintegration. It is an analytical study of the opinions of women in the women's shelter - Erbil, considering economic violence as an independent variable (work and profession, salary and sources of income, property and inheritance) represented, as well as family arrangement as a dependent variable represented by dimensions (Domestic violence, divorce, absence of a husband). The main objective of this study is to determine the extent to which economic violence against women affects family disintegration and family conflict and its impact on the societal system in general.

To achieve the objectives of the study, the researchers relied on the descriptive and analytical approach. In the descriptive approach, a selected group of women in the women's shelter - Erbil was discussed and identified, even though the number of women in the women's shelter was (47). They were relied upon as data collection tools.

The study reached a number of conclusions, the most prominent of which is that the theoretical relationship between the variable of economic violence as an independent variable and family disintegration as a dependent variable is a direct relationship. Finally, the study recommends establishing training institutions and teaching appropriate economic treatment for new families in the Women's Control Directorate as a condition for marriage.

**Keywords:** Economic Violence, Women's shelter, Family disintegration**.**

زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University- Erbil

# فۆرمی راپرسی

خوشکی بەرێز...........

ئەو فۆرمی راپرسییەی لە بەردەستاندایە کە لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەکراوە بە ناونیشانی:

" **توندوتیژی ئابووری دژ بە ئافرەتان و کاریگەری لەسەر تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان** "

(توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ بەشێک لە راگیراوانی دالدەدانی ئافرەتان- شاری هەولێر)

ئەو فۆرمە تەنها بە مەبەستی ئامادەکردنی توێژینەوەیەکی زانستی بەکاردەهێنرێت، سوپاستان دەکەین کە بە شێوەیەکی بابەتی بە راستگۆیی وەلامی پرسیارەکان بدەنەوە، ئەمەش وا دەکات ئەنجامێکی ووردو دروست بە دەست بهێنین تا بتوانین بە ئامانجی توێژینەوەکە بەدی بێت، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هەموو ئەو پرسیارانەی لە فۆرِی راپرسییەکەدا هاتووە، وەلامەکانتان بە نهێنی وەردەگیرێتەوەو شیکردنەوەی زانستیانەی بۆ دەکرێت، لە چوارچێوەی رەوشتی توێژینەوە ئەکادیمییەکان.

سوپاس بۆ هاوکاری و وەلامدانەوەتان

تێبینی:

تکایە هێمای (√) لە خانەی تایبەت دابنێ کە وەلامی گونجاوی تۆیە.

زانیاری کەسی تایبەت بە وەلامدەرەوەی نێو دالدەدانی ئافرەتانی شاری هەولێر

1. تەمەن:

( ٥ – ٢٠) سال ☐ (٢١-٢٥) سال ☐

(٢٦-٣٠) سال ☐ (٣١ سال بەسەرەوە) ☐

2. دانیشتوی چ شوێنێکی؟

ناوشار ( سەنتەری شار) ☐ دەرەوەی شار( شارۆچکە) ☐ گوند ☐

3. بروانامە:

نەخوێندەوار ☐ بنەرەتی ☐ ئامادەیی ☐

دبلۆم ☐ بەکالۆریۆس ☐ ماستەر ☐

4. باری کۆمەلایەتی: خێزاندار ☐ جیابۆتەوە ☐ کچ ☐

5. ئەگەر هاوسەرگیریت کردووە ماوەی هاوسەرگیرییەکەت چەندە؟:

(مانگێک کەمتر – ٦ )مانگ ☐ (٧-١١) مانگ ☐ (١-٢) سال ☐

(٣-٤) سال ☐ (٥-٦) سال ☐ (٧-٨) بەسەرەوە ☐

6. مارەییەکەت چەند بوو؟:

(١-١٠) مسقال زێر ☐ (١١-٢٠) مسقال زێر ☐

(٢١-٣٠) مسقاڵ زێڕ (٣١-٤٠) مسقاڵ زێڕ
(٤١-٥٠) مسقاڵ زێڕ (٥١-٦٠) بەسەرەوە

7. هۆکاری پەنا بردن بۆ دڵدەدانی ئافرەتان:

هەڕەشەی هاوسەر هەڕەشەی یەکێک لە ئەندامانی خانەوادە
هەڕەشەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەڵاتن لەگەڵ خۆشەویست

8. ماوەی مانەوە لە دڵدەدانی ئافرەتان:

(١-٢٩) رۆژ (١-٢) مانگ
(٣-٤) مانگ (٥- ٦) مانگ زیاتر

9. جۆری توندوتیژی بەرامبەر ئەنجامدراوە:

ئابووری کۆمەڵایەتی دەروونی
لێدانی جەستەیی سێکسی دەستدرێژی

١٠. بڕی مووچەکەت چەندە به دینار:

(٢٠٠ کەمتر-٤٠٠) هەزار دینار (٤٠١-٥٠٠) هەزار دینار
(٥٠١ -٦٠٠) هەزار دینار (٦٠١-٧٠٠) هەزار دینار
(٧٠١ -٨٠٠) هەزار دینار (٨٠١-٩٠٠) هەزار دینار زیاتر

١١. هاوسەرەکەت کار دەکات؟ : بەڵێ نەخێر

**١٢. ئەگەر هاوسەرەکەت کار دەکات، سەرچاوەی داهاتەکەی دەتوانێت بژێوی خانەوادەکەتان دابین بکات؟**

بەڵێ نەخێر

**پرسیارەکانی تایبەت بە هەردوو گۆڕاوی توێژینەوەکە**

**یەکەم: رەهەندی توندوتیژی ئابووری**

**1.کارو پیشە**

| ز | دەستەواژەکان | وەڵام | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕانیم بە توندی | هاوڕانیم | بێلایەن | هاوڕام | هاوڕام بەتوندی |
| 1 | ئاستەنگ خستنەبەردەم ئافرەتان بۆ بەدەستهێنانی دەرفەتی کار. | | | | | |
| 2 | رێگریکردن بۆ بەردەوامیدان لە کارکردن . | | | | | |
| 3 | بەکارهێنانی ژن بەبێ ئارەزوومەندانە بۆ رێکلامکردنی کاڵای کۆمپانیاکان. | | | | | |
| 4 | کارکردنی ژن لە کافتریا و یانەکانی شەوانە بەبێ ویستی خۆی. | | | | | |
| 5 | گوشارخستنەسەر ئافرەت بۆ پیشەی سواڵکردن. | | | | | |

**2.مووچە و سەرچاوەی داهات**

| ز | دەستەواژەکان | وەڵام | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕانیم بە توندی | هاوڕانیم | بێلایەن | هاوڕام | هاوڕام بەتوندی |
| 1 | پێدانی کرێی کەمتر بە بەراورد بە پیاو لە هەمان شوێنی کارکردندا. | | | | | |
| 2 | دەست بەسەر داگرتنی مووچەی مانگانە. | | | | | |
| 3 | دابینەکردنی خەرجی ژیانی پێویست و پڕنەکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی ژن. | | | | | |
| 4 | ژنان سەربارى ئەوەی لە ماڵ بە درێژایی کاتەکانیان کار دەکەن کەچی لە بەرامبەر هیچ وەرناگرن. | | | | | |
| 5 | بە زۆر گوشارخستنە سەر ژن بۆ وەرگرتنی قەرز لە بەرژەوەندی ئەندامانی خێزان. | | | | | |

**3.موڵک و ماڵ و میرات**

| ز | دەستەواژەکان | وەڵام | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕانیم بە توندی | هاوڕانیم | بێلایەن | هاوڕام | هاوڕام بەتوندی |
| 1 | دەستگرتن بەسەر کەلوپەلە کەسییەکانی ژن وەک (زێڕ- پارە). | | | | | |
| 2 | دەست بەسەر داگرتنی مارەیی ژن بە بێ ڕەزامەندی خۆی. | | | | | |
| 3 | ڕێگریکردن لە بە دەستهێنانی میراتی شەرعی یاخود دەست بەسەرداگرتنی میراتەکە لەلایەن هاوسەرانەوە. | | | | | |
| 4 | بێبەشکردنی مێرکردنی کچ بە دانانی مارەیی زۆر لەلایەن خانەوادەکانەوە بەبێ ڕەزامەندی کچ. | | | | | |
| 5 | خراپ بەکارهێنانی ناوی ژن بۆ بریکارنامە (الوکالات)ی تایبەت بە موڵك و ماڵ و چۆنییەتی کارپێکردنیان. | | | | | |

**دووەم: ڕەهەندی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان**

**1 . توندوتیژی خێزانی(العنف الاسري)**

| ز | دەستەواژەکان | وەڵام | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕانیم بە توندی | هاوڕانیم | بێلایەن | هاوڕام | هاوڕام بەتوندی |
| 1 | هاوسەرگیری بە زۆرەملێ و نائارەزوومەندانە، سەرچاوەی لێکترازانی خانەوادەیە. | | | | | |
| 2 | هاوسەرگیری پێشوەختەی دایباب دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان. | | | | | |
| 3 | بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی شیرازەی خانەوادەکان تێک دەدات. | | | | | |
| 4 | نەبوونی ڕۆشنبیری ئابووری و هۆشیاری تایبەت بە بەڕێوەبردنی ماڵ، هۆکارێکە بۆ لێکترازانی شیرازەی خانەوادەکان. | | | | | |
| 5 | ریسواکردن و سوکایەتی و جنێودانی پیاو بە هاوسەرەکەی سەرچاوەی لێکترازانی خێزانییە. | | | | | |

**2. جیابوونەوە( الطلاق)**

| ز | دەستەواژەکان | وەڵام | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕانیم بە توندی | هاوڕانیم | بێلایەن | هاوڕام | هاوڕام بەتوندی |
| 1 | ناپاکی هاوسەران دەبێتە هۆی لێکترازانی شیرازەی خانەوادەکان. | | | | | |
| 2 | لە یەکتر تێنەگەیشتن و نەگونجان بەیەکەوە، دەبێتە هۆی تێکچۆونی شیرازەی خانەوادەکان. | | | | | |
| 3 | پرۆسەی هاوسەرگیری دووەم بە بێ ئاگاداری هاوسەری یەکەم لەلایەن پیاوانەوە شیرازەی خانەوادەکان تێکدەدات. | | | | | |
| 4 | دەستتێوەردانی دەرەکی و بوونی گومان و دڵپیسی دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان | | | | | |
| 5 | هاوسەرگیری پیشوەختەو نەبوونی بەرپرسیاریەتی هۆکارن بۆ تێکچوونی شیرازەی خانەوادەکان. | | | | | |

**3. نەبوونی هاوسەر(غیاب الزوج)**

| ز | دەستەواژەکان | وەڵام | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هاوڕانیم به توندی | هاوڕانیم | بێلایەن | هاوڕام | هاوڕام بەتوندی |
| 1 | سەرقاڵبوونی پیاو بە کاروبارەکانی دەرەوەو پشتگوێخستنی خانەوادە دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان. | | | | | |
| 2 | کاتێ ژن لە درەوەی خەریکی کارکردنەو دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ دیسان سەرقاڵی کارەکانی ناو ماڵ دەبێت بەمەش کاتیان بۆ یەکتری نابێت لێکترازانی خێزانی سەرهەڵدەدات. | | | | | |
| 3 | ئافرەت کاتێ زۆرینەی کاتەکانی بۆ گەشت و سەیران لە گەڵ دۆستان و بازاڕکردن بێت، هیچ کاتی بۆ ماڵ و منداڵ و هاوسەرەکەی نییە ئەمەش لێکترازان دروست دەکات. | | | | | |
| 4 | کێبڕکێی نێوان هاوسەران بۆ ئەوەی جێگەی یەکتر بگرنەوە، ڕێگە خۆش دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزان لەم خێزانەدا. | | | | | |
| 5 | ئاڵودەبوون بە ئامرازەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن هاوسەرانەوە وایکردووە پەیوەندییە خانەوادەییەکان کاڵ ببنەوەو لێکترازان دروست بێت. | | | | | |